## یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان- عێراق [1]

## ژمارە ( ١ ) ی ساڵی ١٩٩٢لەگەل هەموار کردنەکانی [2]

**لەبەر پێداویستی بەرژەوەندی گەلی کوردستان_عێراق، سەرکردایەتی سیاسیی بەرەی کوردستان _عێراق ئەم یاسایەی خوارەوەی دەرکرد:**

## یاسای ژمارە ( ١ ) ی ساڵی ١٩٩٢

## یاسای پەرلەمانی کوردستان - عێراق

## دەروازی یەکەم

## پێکهاتەی ئە نجومەن

**ماددەی یەکەم:**

**پەرلەمانی کوردستان- عێراق لە سەدو یازدە ئەندام پێکدێت.** [3]

---

[1] - ئەو ماددەیە هەموارکرا بە پێی ماددەی ( ١ )ی لە یاسای ژمارە ( ٤٧ ) بۆ ساڵی ٢٠٠٤ یاسای هەموارکردنی سێیەم بۆ یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان- عێراق ژمارە ( ١ ) بۆ ساڵی ١٩٩٢ .

[2] - ئەو ماددەیە هەموارکرا بە پێی ماددەی ( ١ )ی لە یاسای ژمارە ( ٤٧ ) بۆ ساڵی ٢٠٠٤ یاسای هەموارکردنی سێیەم بۆ یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان- عێراق ژمارە ( ١ ) بۆ ساڵی ١٩٩٢ .

[3] - ئەو ماددەیە هەموارکرا بە پێی ماددەی ( ١ )ی لە یاسای ژمارە ( ٤٧ ) بۆ ساڵی ٢٠٠٤ یاسای هەموارکردنی سێیەم بۆ یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان- عێراق ژمارە ( ١ ) بۆ ساڵی ١٩٩٢ .

**ماددەی دووەم:**

. هەڵبژاردنەکان بە دەنگدانی نهێنی راستەوخۆ بە پێی سیستەمی لیستی کراوەی سنوردار ئەنجام دەدرێت .

**ماددەی سێ:**

**ئەندامی پەرلەمان دەبێتە نوێنەری گەلی کوردستان _عێراق.**

**ماددەی چوارەم:**[(٤)]

**١-ناشێ ئەندامێتی پەرلەمان و فەرمانبەرێیەتی گشتی بەیەکەوە کۆبکرێنەوە، هەر فەرمانبەرێکی گشتی کە بووە ئەندام لەرۆژی سوێندخواردنیەوە لەبەردەم پەرلەمان بە وازهێنەر لە فەرمانگەکەی دادەنرێ و پێویستە لەسەری سکرتاریەتی پەرلەمان ئاگاداربکاتەوە لە هەڵویستی خۆی بەرامبەر وەزیفەکەی.**

**٢-ناشێ ئەندامێتی پەرلەمان و ئەندامێتی ئەنجومەنێکی هەڵبژاردەی سەر بە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم بەیەکەوە کۆبکرێتەوە، پێویستە لەسەر ئەندام، لەماوەی هەشت رۆژدا، لەرۆژی ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکەوە یەکێ لە دوو ئەنجومەنەکە هەڵبژێرێ، ئەگەر ئەوە نەکات، ئەوە بە هەڵبژێری ئەندامێتی ئەم پەرلەمانە دادەنرێت و پەرلەمان ئاگاداردەکات.**

**ماددەی پێنجەم:**[(٥)]

**هەموو ئەندامانی پەرلەمان خۆیان تەرخاندەکەن و، مومارەسەی ئەرك و فرمانی حزبی وسەندیکا و رێکخراوە جەماوەریەکان بە مومارەسەی کاری وەزیفی و سەنعتکاری و پیشەیی دانانرێت و، لەگەڵ مەبەستی ئەم یاسایە دا پێچەوانە نییە.**

**دەروازەی دووەم**

---

*٤:ئەو ماددەیە بە ماددەی ( یەکەمی )یاسای ژمارە( ١٥ )ساڵی ٢٠١٣یاسای حەوتەمی هەمواركردنی یاسای ژمارە ( ١ )هەمواركراوە

-٤ بەماددەی یەکەمی یاسای ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ١٩٩٨ ( یاسای هەمواركردنی دووەم ) هەمواركراو، لە ڕۆژنامەی پەرلەمان ژمارە ( ٣٧ ) رۆژی ١٩٩٨/٨/١٥ بلاوكرایەوە، لە ڕۆژی دەرچواندنیەوە لە ٢٠٠٩/٤/٢٩ دا بە جێبەجێكراو دانرا .

[٥] - بە ماددەی چوارەمی یاسای ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ١٩٩٨ ( یاسای هەمواركردنی دووەم ) هەمواركراو، لە ڕۆژنامەی پەرلەمان ژمارە ( ٣٧ )ی ١٩٩٨/٨/١٥دا بلاوكرایەوە، لە ڕۆژی دەرچواندنیەوە لە ١٩٩٨/٤/٢٩ دا بە جێبەجێكراو دانرا.

## بەشی یەکەم
## دەستەکانی هەڵبژاردن

**ماددەی شەشەم** [٦]

به یاسایەك، دەستەیەکی باڵای سەربەخۆ پێکدەهێنرێت بۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان و بەڕێوەبردنی کارەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، خشتەی دەنگدەران ئامادەدەکات، مەرکەزەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمدا دەستنیشاندەکات، ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی ڕەوشی هەڵبژاردنەکان دەردەکات، سەرۆك و ئەندامەکانی لیژنەگەلی ناوەندەکانی ناوزەد دەکات.

**ماددەی ( شەشەم )دووبارە** [٧]

یەکەم: کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەچێتە جێگەی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان –عێراق کە لەم یاسایەدا هاتووە بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و بەڕێوەبردنی بە پێیٚ حوکمەکانی بڕگەی ( ٤ )ی ماددەی ( ٢ )ی یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی ژمارە ( ١١ )ی ساڵی ٢٠٠٧ ،تاوەکو پێکهێنانی دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و را پرسی لە کوردستان –عێراقدا .

دووەم: کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بۆی هەیە پەیڕەو و ڕێنماییە تایبەتەکانی خۆی بەسەر هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان _عێراق پەیڕەو بکات بەجۆرێك کەلەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا پێچەوانە نەبن.

سێیەم: کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، سەیرکردنی ئەو ناکۆکی و نارەزاییانە دەگرێتە ئەستۆ کە لە میانەی ئامادەکردن و جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی هەڵبژاردنەکاندا ڕوودەدەن.

چوارەم: دەستەیەکی دادوەری لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان_عێراق ، لەسێ دادوەری ناتەرخان ( غیر متفرغین ) پێك دەهێنرێت بۆ سەیر کردنی ئەو تانوتانەی کەلەلایەن دەستەی هەڵبژاردنەکان یان لەلایەن تاکەکەی

---

[٦] – بەماددەی دووەم لەیاسای ژمارە ( ٤٧ )ی ساڵی ٢٠٠٤ ( یاسای هەموارکردنی سێیەم ) هەموارکراو، لەڕۆژنامەی فەرمی ژمارە ( ٥٣ ) ی ٢٠٠٤/١٢/١٩دا بڵاوکرایەوە.

[٧] – بڕگەی یەکەمی ماددەی ( ٧ )بە پێیٚ دەقی ماددەی ( دووەم )لە یاسای ژمارە ( ١٥ )ساڵی ٢٠١٣ هەموارکراوە .ماددەی شەشەمی دووبارەکراو لە یاساکەدا، بە پێی ماددەی حەوتەمی یاسای هەموارکردنی چوارەم ( یاسای ژمارە ٢٩ی ساڵی ٢٠٠٩ لە ٢٠٠٩/٣/٢٥ دا زیادکراوە ).

خەڵك یان قەوارەكان زەرەرمەندەكانەوە بۆی دەنێردرێت و تانەیان لە بڕیارەكانی كۆمسیۆن داوە، بڕیارەكانیشی بنبڕدەبن.

## ماددەی حەوتەم [8]

دەستەی باڵای سەربەخۆ كە سەرپەرشتی هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی كوردستان _عێراق دەكات، بۆی هەیە، چۆنێتی و شێوازی سەرپەرشتی هەڵبژاردنەكان لە یەكە كارگێڕییەكان و پێكهێنانی لیژنەكان لەناوەندەكانی هەڵبژاردن دیارییكات.

## ماددەی هەشتەم

لیژنەی مەركەزی هەڵبژاردن، بەسەرۆكایەتی دادوەرێك یان جێگری داواكاری گشتی یان یاساناسێك، نوێنەرێك لە هەر لیستێ لە لیستەكانی هەڵبژاردن پێكدێت.

# بەشی دووەم

# ناوچەكانی هەڵبژاردن

## ماددەی نۆیەم [9]

هەرێمی كوردستانی عێراق بەیەك ناوچەی دەنگدان دادەنرێت، دابەشدەكرێت بەسەر چەند مەركەزێكی دەنگداندا.

## ماددەی دەیەم [10]

ئیلغاكراوە

## ماددەی یانزەهەم

دەنگدانی تەواوكەر بۆ ئەندامێتی پەرلەمان بە پێی ئەو پرەنسیپانەی كە دەقەكانیان لەم یاسایەدا هاتوون لە هەموو بەشەكانی عێراق دوای نەمانی كۆسپ و تەگەرە دەكرێت كە ئێستا ناتوانرێ هەڵبژاردنیان تیابكرێت .

---

[8] - بەماددەی سێیەم لەیاسای ژمارە ( ٤٧ )ی ساڵی ٢٠٠٤ ( یاسای هەمواركردنی سێیەم ) هەمواركرا.

[9] - بە ماددەی چوارەمی یاسای ژمارە ( ٤٧ )ی ساڵی ٢٠٠٤ ( یاسای هەمواركردنی سێیەم و یاسای ژمارە ( ١ )ی ساڵی ١٩٩٢ ) هەمواركرا.

[10] - بە ماددەی پێنجەم یاسای ژمارە ( ٤٧ )ی ساڵی ٢٠٠٤ ( یاسای هەمواركردنی سێیەم ) ئیلغاكرا

## بەشی سێیەم

## کاتی هەڵبژاردنەکان

### ماددەی دوانزەهەم [11]

وادەی دەنگدان، بەبڕیاری سەرۆکی هەرێم لە ماوەی پانزە ڕۆژدا لە بەرواری کۆتایی ماوەی پەرلەمان ، یان بە دەرچوونی بڕیاری پەرلەمان بە هەڵوەشاندنەوەی خۆی، دیاردەکرێت، بەر لەوادەی دیاریکراویش بە ماوەیەك کە لە یەك مانگ کەمتر نەبێت، لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بەسەر هاوڵاتیاندا بڵاودەکرێتەوە ( جاڕدەدرێت ).

### ماددەی سیانزەهەم [12]

دەنگدان لە هەموو لایەکی کوردستان-عێراقدا لە یەك ڕۆژدا دەبێت.

### ماددەی چواردەهەم [13]

ئیلغا کراوە

## بەشی چوارەم

## تۆماری دەنگدەران

### ماددەی پانزەهەم [14]

بۆ هەرێمی کوردستان، خشتە بەناوی دەنگدەران بۆ دەنگدان، بەپێی مەرکەزەکانی هەڵبژاردن ئامادە دەکرێن و بەپێی ڕیزبەندی پیتە ئەبجەدییەکان ڕێکدەخرێن کەپیشەو ناونیشان و بەروار و جێگەی لەدایکبوونیان تیا تۆمارکراوە. ئەگەر لە تواناداا نەبوو ئەوە بکرێ، ئەو کاتە دەستەی باڵا بۆی هەیە ڕێگەیەکی تری لە بارتر بۆ وەدیهێنانی مەبەستی پێویست دیاریبکات.

---

[11] - بە ماددەی شەشەم لە یاسای ژمارە ( ٤٧ )ی ساڵی ( ٢٠٠٤ ) ( یاسای هەموارکردنی سێیەم ) هەموارکرا.

[12] - بە ماددەی دووەمی یاسای ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠٠٩ لە ٢٠٠٩/٣/١٥ ( یاسای هەموارکردنی چوارەم ) ئیلغاکرا.

[13] - ماددەی ( ١٤ )ئیلغاکرا بە پێی ماددەی ( ٢ ) لە یاسای ژمارە( ٢ ) ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەموارکردنی چوارەم بۆ یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی -عێراق ژمارە ( ١ ) ساڵی ٢٠٠٩.

[14] - بە ماددەی حەوتەمی یاسای ژمارە ( ٤٧ )ی ساڵی ٢٠٠٤ ( یاسای هەموارکردنی سێیەم ) هەموارکرا.

### ماددەی پانزەهەم دووبارە [١٥]

دەستەواژەی تۆماری دەنگدەران جێگای دەستەواژەی ( خشتەی دەنگدەران ) دەگرێتەوە لە هەرجێگایەکی ئەم یاسایەدا هات بێت.

### ماددەی شانزەهەم [١٦]

دەستەی باڵا بە لانی کەم ( ١٥ ) رۆژ پێش ماوەی دیاریکراوی دەنگدان، تۆمارەکان بەسەر مەرکەزەکانی دەنگداندا، لە هەرێم دا دابەش دەکات بۆ ئەوەی لە تابلۆی تایبەت بەم مەبەستە بە هاوڵاتیانی ڕابگەیەنێ بە مەرجێ بە مۆری دەستەی باڵا مۆربکرێن و، بەرواری ڕاگەیاندنەکەشی لەسەر بنووسرێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی لەماددەی پانزەیەمدا هاتووە.

### ماددەی حەڤدەهەم

ئەم ماددە هەڵوشێندرایەو بە پێی دەقی ماددەی سێیەم لە یاسای ژمارە( ١٥ )ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای حەوتەم هەمواركردنی یاسای ژمارە ( ١ )ی ساڵی ١٩٩٢.

### ماددەی هەژدەهەم [١٧]

١. هەرکەسێ مەرجەکانی دەنگدانی تێدا فەراهەم بێت و، ناوەکەی لە خشتەی دەنگدەراندا لە بیرکرابێت بۆی هەیە داوا بکات ناونووس بکرێ، هەر دەنگدەرێکیش بۆی هەیە داوای ناونووسکردنی هەر هاوڵاتییەك بکات کە بەناڕەوا ناوی پشتگوێ خرابێ، یان داوای کوژانەوەی ناوی هەر هاوڵاتیەك بکات لە خشتەی دەنگدەراندا بە ناڕەوا ناوی نوسرابێ، ئەمانەش لە ماوەی دە رۆژ دا دەبێ لە رۆژی راگەیاندنی خشتەکانی دەنگدەرانەوە.

٢. داواکارییەکە پێشکەش بە دەستەی باڵا دەکرێ، دەبێ ڕای لیژنەی مەرکەزی دەنگدانی پەیوەندیداری لەگەڵ بێت. دەستەی باڵا، لەماوەی سێ رۆژ زیاتر نەبێ، لە ڕۆژی پێشکەشکردنی داواکەوە، یەکلایی دەکاتەوە.

## بەشی پێنجەم

## مەرجەکانی دەنگدەر و پاڵێوراو

---

[١٥] – ماددەی پانزەیەم ( دووبارە ) بە پێی ماددەی نۆیەمی یاساکە ( یاسای هەموارکردنی چوارەم ) ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠٠٩، زیادکرا.

[١٦] – بە ماددەی هەشتەمی یاسای ژمارە ( ٤٧ )ی ساڵی ٢٠٠٤ ( یاسای هەموارکردنی سێیەم ) هەموارکرا.

[١٧] – برگەی ( ٢ )ی ئەم ماددەیە، بە پێی ماددەی نۆیەمی یاسای ژمارە ( ٤٧ )ی ساڵی ( ٢٠٠٤ ) ( یاسای هەموارکردنی سێیەم ) هەموارکرا. هەموارکردنی چوارەمی یاسای ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠٠٩ لە ( ٢٠٠٩/٣/٢٥ )دا هەموارکرا.

### ماددەی نۆزدەهەم

**هەر هاوڵاتییەکی کوردستان–عیراق، چ نێر، چ مێ، بۆی هەیە ببێتە دەنگدەر یان پاڵێوراو ئەگەر ئەو مەرجانەی تێدا فەراهەمبێت کەبە دەق لەم یاسایەدا هاتوون.**

### ماددەی بیستەم

**مەرجە دەنگدەر لەهاوڵاتیانی کوردستان-عیراق بێ، هەژدە ساڵی تەواوکردبێت.**

### ماددەی بیستو یەك [18]

**پێویستە پاڵێوراو بۆ ئەندامێتی پەرلەمان ئەم مەرجانەی خوارەوەی فەراهەم بێت:**

**١- لە هاوڵاتیانی کوردستان – عیراق بێت و، لێی نیشتەجێ بێت.**

**٢- تەواو و شیاو بێت گەیشتبێتە تەمەنی بیست و پێنج ساڵ.**

**٣- بە چاکی خوێندن و نوسین بزانێت.**

**٤– بە جۆرە جەریمەیەك حوکمی سجن نەدرابێ کە لە ڕەوشت و ئادابی گشتی و دەستپاکی لایدابێت.**

**٥- بەجەریمەی کوشتنی دەسئەنقەست و دزی حوکمی سجن نەدرابێ.**

**٦– بەشداری ئەنجامدانی ئەو تاوانانەی لەو جەریمانە دا بەشداری نەکردبێ کە دەسەڵاتی سەرکوتکاری لە کوردستان دا پلانی بۆ دانابێ یان ئەنجامی دابێ.**

## بەشی شەشەم

## خۆ پاڵاوتن

### ماددەی بیستو دووەم [19]

**١. هەر کیانێکی سیاسی لە هەرێمی کوردستان- عیراق دا بۆی هەیە، لیستێکی تایبەت بە ناوی پاڵێوراوەکانی خۆی لەسەر ئاستی کوردستان عیراق پێشکەشبکات کەرێژەیەك ئافرەتی تێدابێت لە ( ٣٠٪ )کەمتر نەبێت و، ناوی پاڵێوراوەکانیش بەشێوەیەك ڕیز بەند کرابن کە نواندنی ڕێژەی ناوی براوی ئافرەتان لەپەرلەماندا دەستەبەربکات، بە مەرجێ ژمارەی پاڵێوراوەکان لە هەر لیستێکی هەڵبژاردندا لە ( ٣ ) پاڵێوراو کەمترنەبن.**

---

[18] - بڕگەی ( ٢ ) هەموارکرا بە پێی ماددەی ( ٣ ) لە یاسای ژمارە ( ٢ ) ساڵی ٢٠٠٩ هەموارکردنی چوارەم بۆ یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان-عێراق ژمارە ( ١ ) بۆ ساڵی ١٩٩٢.

[19] - بڕگەی ( ٢ )ی ئەم ماددەیە، بە پێی ماددەی هەشتەمی یاسای ( هەموارکردنی چوارەمی یاساکە ) هەموارکرا، بە پێی ( یاسای ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠٠٩ لە ٢٠٠٩/٣/٢٥ ). بڕگەی ( ١ ) بە پێی ماددەی دەیەم لە یاسای ژمارە ( ٤٧ )ی ساڵی ٢٠٠٤ ( یاسای هەموارکردنی سێیەم ) یاسای ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠٠٩ لە ٢٠٠٩/٣/٢٥دا بەم شێوەیەی لێهات. بە ماددەی یەکەم لە یاسای ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ٢٠٠٩ لە ( ٢٠٠٩/٥/١٣ )دا یاسای هەموارکردنی سێیەم ) هەموارکرا.

٢. ليستی پاڵێوراوەكان لە ماوەی ( ١٥ ) ڕۆژ لە بەرواری ڕاگەیاندنی وادەی هەڵبژاردن پێشكەش بەسەرۆكایەتی دەستەی باڵا دەكرێت و هەموو بەڵگەنامەیەكی پێوە دەلكێنرێ كە لە ماددەی بیست و یەكەمدا داواكراون.

## ماددەی بیستو سێ [٢٠]

١١- دەستەی باڵا لە ماوەی بیست و چوار كاژێر لە پێشكەشكردنی داواكاریەكان سەیریان دەكات و یەكلایان دەكاتەوە، بڕیارەكەشی لە ماوەی دوو ڕۆژدا بە داواكاری پاڵاوتنەكە و بە نوێنەری لیستی پەیوەندیدار رادەگەیەنێ.

٢- داواكاری پاڵاوتنەكە بۆی هەیە لەماوەی دوو ڕۆژدا لە مێژووی پێڕاگەیاندنەكەیەوە، لە بەردەمی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی كوردستاندا تانە لە بڕیارەكەی دەستەی باڵا بدات.

٣- دادگای پێداچونەوەی هەرێمی كوردستان، لەماوەی دوو ڕۆژدا بڕیاری بنبڕ لەسەر تانەلێدانەكە دەردەكات.

٤- پەیوەندیدارەكان، لەڕۆژی راگەیاندنی بریارەكان لە تابلۆی راگەیاندنی ئەو لایەنەی دەریچواندوون، بە پێراگەیەنراو دادەنرێن.

٥- دەستەی باڵا، لە ڕێگای جۆر بە جۆری ڕاگەیاندنەوە، لیستەكانی پاڵێوراوان رادەگەیەنێت، لەتابلۆی ڕاگەیاندنی هەر مەركەزێكی هەڵبژاردندا، لەناوچەی هەڵبژاردنەكەدا، لانی كەم پێش دوانزە ڕۆژ لە وادەی دەنگدان هەڵدەواسرێن.

# بەشی حەوتەم

# پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن

## ماددەی بیستو چوار [٢١]

پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، لە سنوری یاسا و سیستمی گشتی و ئادابدا ئازادە، بەمەرجێ دەستەی باڵای هەڵبژاردنەكان پرەنسیپی هەلی یەكسان بۆ هەموو لیستەكانی كێبركێ زامن بكات.

## ماددەی بیستو پێنج [٢٢]

یەكەم: پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، ڕۆژێك پاش ڕاگەیاندنی لیستی پاڵێوراوەكان دەستپێدەكات، بەر لە ( ٤٨ ) سەعات لە دەستپێكردنی دەنگدانەوە دەوەستێ.

---

[٢٠] - برِگەی ( ٢،٣ ) ئەم ماددەیە، بە ماددەی یازدەیەمی یاسای ژمارە ( ٤ )ی ساڵی ٢٠٠٤ ( یاسای هەمواركردنی سێیەم هەمواركران ).

[٢١] - بە ماددەی دوازدەیەم لە یاسای ژمارە ( ٤٧ )ی ساڵی ٢٠٠٤( یاسای هەمواركردنی سێیەم ) هەمواركرا.

[٢٢] - بەماددەی دووەم لەیاسای ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ٢٠٠٩ لە ٢٠٠٩/٥/١٣ ( یاسای هەمواركردنی پێنجەم ) ئیلغاكراو، ئەو ماددەیەی سەرەوە جێگەی گرتەوە.

دووەم: کۆمسیۆن، بە درێژایی ماوەی ڕێگە پێدراوی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، ئەو جێگایانە دەستنیشاندەکات کە ڕێگەی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنیان تێدا قەدەغەیە، ریکلامی دەنگدانیان تێدا ناکرێت.

سێیەم: پێویستە لەسەر هەموو کەیانە سیاسیەکان کە لە هەڵبژاردندا بەشداردەبن، ڕیکلامەکانی دەنگدان پاکبکەنەوە، بە پێی ڕێنمایەکان کە کۆمسیۆن دەریدەکات.

چوارەم:

١. بینای وەزارەتەکان و،دائیرەکانی هەرێم و هەموو جێگاکانی کار و فرمان، قەدەغەیە بۆ کاری حیزبی و ریکلامی هەڵبژاردن.

٢. نابێ فەرمانبەرانی دائیرەکانی هەرێم، دەسەڵاتەکانی خۆجێی (المحلیه)، پێگەی وەزیفە، یان داهاتی هەرێم، یان ئامراز و دەزگاکانی هەرێم بۆ بەرژەوەندی خۆیان، یان بۆ هەر پاڵێوراوێك. بە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، سەربازیشەوە، بۆ هەڵبژاردن یان بۆ کارکردنە سەر دەنگدەران بەکاربێنن.

پێنچەم:

١. هیچ پاڵێوراوێك، ناشێ، نەخۆی یا بەهۆی کەسێکی ترەوە، لە ڕۆژی دەنگداندا، بەرنامەی کار یان بڵاوکراوە، یان پلێتی دەنگدان، یان هەر شتێکی تر بڵاوبکاتەوە.

٢. ناشێ هیچ کارمەندێکی دائیرەکانی هەرێم، یان ئەندامانی دەسەڵاتەکانی خۆجێی (المحللی)، لەڕۆژی دەنگداندا، بەرنامەی کار، بەخۆی یان بە هۆی کەسی ترەوە بڵاوبکاتەوە.

٣. ناشێ بە ناوی پاڵێوراوێکەوە کەلە کەشفی پاڵێوراوەکاندا ناوی تۆمارنەکراوە، ریکلام دابنرێ، یان بەرنامەی کار بڵاوبکرێتەوە، یان بڵاوکراوە و پلێت دابەشبکرێت.

شەشەم: قەدەغەیە، پاڵێوراوەکان، هەر ریکلامێکی هەڵبژاردن بکەن کە دەنگدەران هەڵبخەڵەتێنێ یان گزییان لێبکات، یان شێوازی بریندارکردنی هەستی تێدابێت، یان جوێندانی تێدابێت.

حەوتەم: قەدەغەیە، لە موڵك و ماڵی گشتی، یان لە بوجەی وەزارەتەکان، یان لە موڵك و ماڵی ئەوقاف یان لە مولك وماڵی پشتگیری دەرەکی هیچ شتێك خەرجبکرێت.

هەشتەم: قەدەغەیە، هەرحزبێك یان گروپێك، یان ڕێکخراوێك، یان کەیانێك ( پێکهاتەیەك ) ، یان هەر لایەنێك، یان هەر کەسێك، هەر شێوازێکی فشار یان ترساند، یان بەکافرکردن، یان بە خائینکردن بە کاربهێنێت.

## بەشی هەشتەم

## دەنگدان

### ماددەی بیستو شەش

سەرۆکی لیژنەی مەرکەزی هەڵبژاردن و ئەندامەکانیشی، دادوەرو جێگری داواکاری گشتی نەبێ- ئەم سوێندەی خوارەوە پێش دەستکردن بە ئەرکەکانیان، لە بەردەم لیژنەی ناوچەکەدا دەخوێن:

< بە خوای گەورە سوێند دەخۆم، کەکارەکەم بەراستی و ئەمینی و بێلایەنیەوە جێبەجێبکەم >

### ماددەی بیستو حەوت

دەستەی باڵا رێنمایی دەردەچوێنێ، بە پێی ئەو ڕینماییە شێوە و قەبارەی سندوقەکانی هەڵبژاردن، شێوازی داخستن و کردنەوەیان دیاریدەکات.

### ماددەی بیستو هەشت

دەستەی باڵا پلێتەکانی هەڵبژاردن چاپدەکات و سندوقەکانیان ئامادەدەکات.

### ماددەی بیستو نۆیەم( *٢٢ )

یەکەم : لە دوای دڵنیابوون لە لێهاتەیی دەنگدەر، لەوەی هەڵگری رەگەزنامەی عێراقیە ، پسوولەی دەنگدانی ڕادەست دەکرێت و ناوی نیشانە دەکرێت و بۆپێگەی دیاریکراو بۆ دەنگدان رێنمایی دەکرێت .

دووەم :دەنگدەر بۆی هەیە ناوی یەکێك لەو قەوارە سیاسیانەی لە پسوولەی دەنگداندا نووسراون نیشانە بکات و ناوی یەکێك لە پالێوراوانی هەمان قەوارە نیشانە بکات یان تەنها قەوارە سیاسیەکە نیشان بکات .

سێیەم :ئەو دەنگدەرەی خوێندنەوەو نووسین نازانێت بۆی هەیە پشت ببەستێت بەوەی دەستنیشانی دەکات بۆ پرکردنەوەی پسوولەی دەنگدانەکە .

چوارەم: نوێنەرایەتیکردن لە دەنگداندا رێگەی پێنادرێت .

### ماددەی سییەم [٢٣]

یەکەم :سەروکی لیژنەی بنکەی هەڵبژاردن پاراستنی رێککاریی لە بنکەکەی لە ئەستۆ دەگرێت ،وە بۆی هەیە تەنها پشت ببەستێت بە پۆلیسی خۆجێییەتی سەر بە وەزارەتی ناوەخۆ لە هەرێمداو ئەو رێکارانە بگریتەبەر کەوا باش بەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکان و دروستیان مسۆگەر بکات .

دووەم :هێزەکانی ئاسایشی ناوەخۆو چەکدارەکان بۆیان نیە بچنە نێو بنکەکانی هەڵبژاردن تەنها لەسەر داواکاری سەرۆکی لیژنەوە نەبێت .

---

( *٢٢ )بەماددەی ( چوارەمی )یاسای ژمارە( ١٥ )ساڵی ٢٠١٣ ،یاسای حەوتەم هەموارکردنی یاسای ژمارە( ١ ) هەموارکراوە

[٢٣] - بەماددەی پێنجەم لە یاسای ژمارە ( ١٥ )ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای هەموارکردنی حەوتەم بۆ یاسای ژمارە ( ١ )ی ساڵی١٩٩٢ هەموارکرا.

**ماددەی سی و یەك**

**لیژنەی مەرکەز حوکم لەسەر هەموو شکایەتێك دەدات کە لە بارەی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە پێشکەشیکرابێت، ئەمەش بە بڕیارێکی پاساودار کە لە پرۆتۆکۆڵێکی تایبەتدا تۆماریدەکات.**

**ماددەی سی و دوو**

**پرۆسەی دەنگدان ،سەعات هەشتی بەیانی دەست پێدەکات و،سەعات هەشتی ئێوارە کۆتایی دێت،دەستەی باڵاش بۆی هەیە،بەبەیاننامەیەك وادەی دیکە دەست نیشان بکات لەو سەعاتەی بۆ دەنگدانەکە دانراوە تێپەڕ نەکات.**

**ماددەی سی و سێیەم**

**لە کاتی تەواوبوونی وادەی دیاریکراوی پرۆسەی دەنگدان، سەرۆکی لیژنەی مەرکەز، کۆتایی پرۆسەی دەنگدان ڕادەگەینێ، لە پرۆتۆکۆڵی هەڵبژاردنەکەدا تۆماریدەکات، بە ئامادەبوونی نوێنەرانی لیستەکانی کیبڕکێ بەئاشکرا، سندوقەکان دەکرێنەوە و دەنگەکان جیادەکرێنەوە.**

**ماددەی سی و چوار**

**ئەم پلێتانەی خوارەوە بە بۆش دادەنرێن:**

**١-ئەو پلێتەی مۆری لیژنەی مەرکەزی پێوەنەبێ.**

**٢- ئەوپلێتەی هیچ هێمایەکی بۆ هیچ لیستێکی پاڵێوراوی تێدا نەبێ، یان گومان بخاتە سەر جۆری هەڵبژاردنی یەکێ لە لیستەکان.**

**ماددەی سی و پێنج [٢٤]**

**لیژنەکانی بنکەکانی هەڵبژاردن هەڵدەستن بە ڕێکخستنی کۆنووسی واژوو کراو لە لایەن خۆیانەوە بۆ ئە نجامەکانی دەنگدان و سەرجەم بە لگەنامە تایبەتەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنی لەگەڵدا هاوپێچ دەکرێت و لە زەرفێکی داخراوی مۆرکراو بە مۆرەکەی خۆی دادەنلرێت بۆ سپاردنی لە لای کۆمیسۆنی باڵای سەربەخۆ، و دانەیەکی کۆنووسی کۆتایی کە لەلایەن نوێنەرانی قەوارە بەشداربووەکانەوە واژووکراوە دەدرێتە قەوارە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن .**

**ماددەی سی و شەش [٢٥]**

**یەکەم :تێکرای هەڵبژاردن بە پێی ئەم میکانیزمەی خوارەوە دیاری دەکرێت :**

---

[٢٤] - بەماددەی شەشەم لە یاسای ژمارە ( ١٥ی ساڵی ٢٠١٣ ( یاسای هەموارکردنی حەوتەم هەموارکرا.

[٢٥] -بەماددەی حەوتەم لە یاسای ژمارە ( ١٥ )ی ساڵی ٢٠١٣( یاسای هەموارکردنی حەوتەم بۆ یاسای ژمارە( ١ ) )هەموارکرا.

١- كۆی گشتی دەنگە دراوە دروستەكانی ئەو پێكهاتانەی لە ماددەی ( ٣٦ دووبارە )ی ئەم یاسایەدا ئاماژەیان بۆ كراوە دابەش دەكرێتە سەر ژمارەی ئەو كورسیانەی بۆ هەر پێكهاتەیەك تەرخان كراوە بۆ دەرهێنانی تێكرایی هەڵبژاردن بۆی .

٢- ئەو دەنگانەی دەمێنەوە دابەش دەكرێنەوە سەر ژمارەی كورسیەكانی پەرلەمان پاش لێ كەمكردنەوەی ژمارەی ئەو كورسیانەی لە برگەی ( ١ )ی سەرەوە ئاماژەی بۆ كراوە ،بۆ دەرهێنانی تێكرای هەڵبژاردنی ئەو قەوارانەی حوكمەكانی ماددەی ( ٣٦دووبارە )ی ئەم یاسایە نایانگرێتەوە .

دووەم :ژمارەی ئەو كورسیانەی كەوا هەر قەوارەیەك بەدەستیهێناوە بە پێی ئەم میكانیزمەی خوارەوە دیاری دەكرێت :

١- دابەشكردنی ئەو دەنگانەی هەر قەواریەك بەدەستیهێناون بەسەر تێكرای هەڵبژاردن ، كە بە پێی برگەی ( یەكەم )ی سەرەوە دەرهێنراوە ،بۆ دیاریكردنی ژمارەی ئەو كورسیانەی قەوارە پەیوەندار بە دەستیهێناوەن .

٢- لە حالەتی دەستنەكەوتنی تێكرایی هەڵبژاردن لە لایەن هیچ قەواریەكی كێبركێكار لەسەر ئەو كورسیانەی لە ماددەی ( ٣٦دووبارە ) ئاماژەیان بۆ كراوە ،ئەوا یەك كورسی دەبەخشرێتە ئەو قەوارەیەی كەوا زیاترین دەنگی لە نێو پێكهاتەكەدا هێناوە .

سێیەم :ئەو كورسیانەی لە ئە نجامی دەستكەوتنی ماوە دەنگ كە نەگاتە تێكرای هەڵبژاردن بە بەتاڵی دەمێنێتەوە دەبێتە هی ئەو قەوارانەی كەوا زۆرترین ماوە دەنگیان بەدەستهێناوە و بە شێوەیەكی یەك لە دوای یەك .

## ماددەی سی و شەش دووبارە [26]

یەكەم: پێنج كورسی بۆ كلدان سریان ئاشوری تەرخاندەكرێ پاڵێوراوانی ئەو پێكهاتەیە كێبڕكێی لەسەردەكەن.

دووەم: پێنج كورسی بۆ توركمان تەرخاندەكرێت، پاڵێوراوانی ئەو پێكهاتەیە كێبڕكێی لەسەردەكەن.

سێیەم: یەك كورسی بۆ ئەرمەن تەرخاندەكرێت، پاڵێوراوانی ئەو پێكهاتەیە كێبڕكێی لەسەردەكەن.

## ماددەی سی و حەوت [27]

---

[26] - ماددەی (سێ وشەشەم ی دووبارە ) بۆ یاساكە زیادكرا بە پێی ماددەی هەشتەمی یاسای ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠٠٩ لە ٢٠٠٩/٣/٢٥ دا، كە بریتییە لە چوار بڕگە، پاشان بڕگەی چوارەمی ئیلغاكرا بە پێی هەمواركردنی پێنجەم، ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ٢٠٠٩ لە ٢٠٠٩/٥/١٣

[27] - بەماددەی هەشتەم لە یاسای ژمارە ( ١٥ )ی ساڵی ٢٠١٣ ( یاسای هەمواركردنی حەوتەم ) هەمواركرا.

یەکەم : ناوی پالێوراوانی قەوارەکە دووبارە ریزبەند دەکرێنەوە بە گوێرەی ئەو دەنگانەی هەر یەکێکیان بە دەستیهێناوەو کورسیەکانیان پێ دەبەخشرێت سەرەتا بەوەی بەرزترین دەنگی بە دەستهێناوە تاوەکو دیاریکردنی سەرجەم ئەو کورسیانەی قەوارەکە بەدەستیهێناون .

دووەم :لە حالەتی نەهاتنەکایەی رێژەی تەرخانکراو بۆ ئافرەتان کە لە برگەی ( ١ )ی ماددەی ( ٢٢ )ی یاساکەدا هاتووە ، ئەوا ژمارەی پێویستی ئافرەتان لە نێوان ئەو براوانەی لە ( یەکەم )ی سەرەوە ئاماژەیان بۆ کراوە بە گوێرەی ئەو دەنگانەی بەدەستیانهێناوە ، پێش دەخرێن .

سێیەم :

١- دەستەی باڵا ئەو رێژە سەدییەی هەر قەواریەك بەدەستیهێناوەو ئەو کورسیانەی پەرلەمانی کە بردویەتیەوە رادەگەیەنێت .

٢- دەستەی باڵا ناوی براوەکانی ئەندامێتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق رادەگەیەنێت .

## ماددەی سی و هەشت

دەستەی باڵا بۆی هەیە هەڵبژاردن لە هەر ناوەندێکی دەنگدان هەڵبوەشێنێتەوە ئەگەر دەرکەوت کە گزی یان فرۆفێڵی تێداکراوەو کاریگەری هەبووە لەسەر ئە نجامی هەڵبژاردنەکان.

## دەروازەی سێیەم

## ئەندامێتی لە ئە نجومەندا

## بەشی یەکەم

## پارستن و پاداشتەکان

**ماددەی سی و نۆ:**

ئەندامی پەرلەمان، هەر ڕاو بۆ چونێك دەرببڕێ، یان باسی هەر ڕووداوێك بكات لە كاتی كاركردنی لە پەرلەماندا، بەرپرسیار نابێت.

**ماددەی چل:**

١- ناشێ هیچ ئەندامێك بەبێ ڕەزامەندیی پەرلەمان بگیری بەهۆی هەر تاوانێك بێ لە ماوەی بەستنی ئە نجومەندا، تەنیا لەو بارە نەبێ كە تاوانێكی لە دەست قەومابێ.

٢- نابێ هیچ كەسێك لە ئەندامان لە ماوەی خولی بەستنی پەرلەماندا بە هۆی هەر تاوانێكەوە بگیری بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆكی پەرلەمان تەنیا لەو بارەدا نەبێ كە تاوانێكی ئە نجامدابێت.

**ماددەی چل و یەك** [٢٨]

سەرۆك وجێگری سەرۆك و سكرتێرو ئەندامانی پەرلەمان، مانگانە، پاداشتێك وەردەگرن كە پەرلەمان دەستنیشانی دەكات.

**ماددەی چل و دوو**

- ماوەی ئەندامێتیی پەرلەمان بۆ مەبەستی سەرمووچەو بەرزكردنەوەو خانەنشینی ئەژماردەكرێت.

٢- ئەگەر یەكێك لە ئەندامانی پەرلەمان، لەكاتی خزمەتكردنی لە پەرلەماندا، یان بە هۆی ئەوەوە بمرێ، ئەوا مووچەی خانەنشینی بۆ خێزانەكەی دەبڕدرێتەوەو پەرلەمان بڕەكەی دەستنیشاندەكات [٢٩]

## بەشی دووەم

[٢٨] - تێبینی: بڕیاری ژمارە( ١٣ )ی ڕۆژی ١٩٩٢/٩/١٣ كە لە پەرلەمانەوە دەرچووە، لە ڕۆژنامەی ( پەرلەمان ) ژمارە ( ٢ )ی مانگی تشرینی یەكەمی ١٩٩٢ دا بڵاوكراوەتەوە.

[٢٩] - یاسای خانەنشینی ئەندامانی پەرلەمان ژمارە ( ١٣ )ی ساڵی ١٩٩٩، هەمواركردنی یەكەمی ژمارە ( ٣٥ )ی ساڵی ٢٠٠٤ لە ٢٠٠٤/٣/٢٥ دا، هەمواركردنی دووەمی بە یاسای ژمارە ( ١٢ )ی ساڵی ٢٠٠٨ لە ٢٠٠٨/٦/٢٩ كە هەردووكیان لە ڕۆژنامەی فەرمیی ( وەقایعی كوردستان ) ژمارە ( ٤٩ ) لە ٢٠٠٤/٩/٤ و ژمارە ( ٨٩ ) لە ٢٠٠٨/٧/٢٨ بڵاوكراونەتەوە.

## كۆتاییهاتن بەئەندامێتی

### ماددەی چلو سێیەم

ئەندامێتی پەرلەمان لە یەكێ لەم بارانەی خوارەوە كۆتاییدێت

١- كۆتاییهاتنی ماوەی پەرلەمان یان هەڵوەشانەوەی.

٢- وازهێنانی ئەندام، لە ڕۆژی قبوڵكردنی لەلایەن پەرلەمانەوە بە زۆرینەی دەنگ كاری پێدەكرێ.

٣- ئەگەر یەكێك لە مەرجەكانی پاڵاوتنی بۆ ئەندامێتی پەرلەمان تێدانەبوو، پەرلەمانیش بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامە ئامادەبووەكانی بڕیاری لەسەربدات.

٤- ئامادەنەبوونی ئەندام لە سێ دانیشتنی لەسەریەك بەبێ عوزری مەشروع

٥- مردنی ئەندام.

### ماددەی چل و چوارەم [٣٠]

ئەم ماددەیە ئیلغا كراوە .

### دەروازەی چوارەم

### ڕەوشی كار لە پەرلەمان

### ماددەی چل و پێنجەم

---

[٣٠] - ماددەكە تەواوەكە ( ئەگەر یەكێك لە كورسیەكانی ئە نجومەن چۆڵبوو، پاڵێوراوێكی دیكە، لەهەمان لیست جێی ئەندامەكەی پێشوو دەگرێتەوە، لایەنی خاوەن لیستەكە بە پێی حوكمی بڕگە ( ٢ ) لە ماددەی سی و حەوتەمی ئەم یاسایە دەستنیشانیدەكات )، پاشان بە ماددەی یەكەم لەیاسای ژمارە ( ٤ )یساڵی ١٩٩٤ ( یاسای یەكەم هەمواركردنی یاسای ژمارە ( ١ )ی ساڵی ١٩٩٢ هەمواركرا. پاشان ماددەكە هەمووی بە پێی ماددەی حەڤدەیەم لە یاسای ژمارە ( ٤٧ )ی ساڵی ٢٠٠٤ ( یاسای هەمواركردنی سێیەمی یاسای ژمارە ( ١ )ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو ئیلغاكرا.

کۆبوونەوەکانی پەرلەمان لەهەولێر دەبەسترێ، دەشێ لەهەرشوێنێکی دی ببەسترێ کە پەرلەمان لەکاتی پێویستدا دەستنیشانیبکات.

## ماددەی چل و شەشەم [31]

پەرلەمان دانیشتنی یەکەمی دەبەستێ لەمیانەی دە رۆژی پاش دەرچوونی مەرسوومی هەرێم بۆ بانگهێشتوکۆبونەوەی، بەڵام ئەگەر بانگهێشت نەکرا،ئەوا، لەیەکەم رۆژی پاش کۆتاییهاتنی ماوەی ناوبراو، خۆیەوە کۆدەبێتەوە.

## ماددەی چل و حەوتەم

ئە نجومەن یەکەمین دانیشتنی بەسەرۆکایەتیی بەتەمەنترین ئەندام دەبەستێ، ئەندامەکانی ئەم سوێندەی خوارەوە دەخۆن.

( بەخوای گەورە سوێندەخۆم کە پارێزگاری یەکێتی گەل وخاکی کوردستان- عێراق وبەرژەوەندیە باڵاکانی بکەم ).

## ماددەی چل و هەشتەم

پەرلەمان لەیەکەم دانیشتنیدا، بەرێگەی دەنگدانی نهێنی، سەرۆک وجێگری سەرۆک و سکرتێری پەرلەمان، بە زۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامانی ئە نجومەن هەڵدەبژێرێ.

## ماددەی چل و نۆیەم [32]

یەکەم: پەرلەمان لەدانیشتنی یەکەمیدا، وادەی دورەکانی بەستنی دەستنیشاندەکات، بەمەرجێ ساڵانە لەدوو دەورە کەمتر نەبێت.

دووەم: سەرۆکی پەرلەمان، یان لایەنی کەم سێیەکی ژمارەی ئەندامەکانی، بۆیان هەیە داوای بەستنی دانیشتنی نائاسایی بکەن، کۆبوونەوەکەش تەنیا بۆ سەیرکردنی ئەوبابەتانە دەبێت کە لەبانگهێشتەکەدا دیارکراون.

سێیەم: سەرۆکی پەرلەمان بۆی هەیە، لەکاتی پێویستو لەسەر داوای سەرۆکی هەرێم یان لەسەر داوای سەرۆکی ئە نجوومەنی وەزیران داوای بەستنی دانیشتنی نائاسایی بکات.

چوارەم: ئەو خولەی بودجەی گشتیی هەرێمی تێدا دەخرێتە بەرچاوی پەرلەمان، کۆتایی نایەت، پاش پەسەندکردنی بوجەکە نەبێ.

---

[31] - ماددەی چل وشەشەم بە پێی ماددەی پێنجەم لەیاسای هەموارکردنی چوارەمی ژمارە( ٢ )ی ساڵی ٢٥-٣-٢٠٠٩ هەموارکرا.

[32] - ماددەی ( ٤٩ ) بەماددەی شەشەم لەیاسای هەموارکردنی چوارەم ژمارە ( ٢ ) ی ساڵی ٢٠٠٩ لە ٢٥-٣-٢٠٠٩دا هەموارکرا

## ماددەی پەنجایەم [33]

١- دانیشتنی پەرلەمان نابێتە دانیشتنێکی یاسایی بەئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەکانی نەبێ، بڕیارەکانیشی بەزۆرینەی ئامادەبووەکان دەدات، بەدەر لەو حاڵەتانەی کەبەپێی یاسا پێویستی بەزۆرینەیەکی تایبەت دەبێت، ئەگەر دەنگەکانیش یەکسان بوون، ئەوا دەنگی سەرۆک لایەکیان قورس دەکاتەوە.

٢- پرۆژەیاساکان، ماددە بەماددە دەنگیان لەسەر دەدرێت.

## ماددەی پەنجاو یەکەم [34]

ماوەی پەرلەمان چوارساڵە، لەیەکەم دانیشتنیەوە دەستپێدەکات، لەدوا دانیشتنی ساڵی چوارەمدا کۆتایی دێت.

## ماددەی پەنجاو دووەم

دانیشتنەکانی پەرلەمان ئاشکران، دەشێ لەسەرداوای سەرۆکی پەرلەمان یان لایەنی کەم چواریەکی ئەندامەکانی ڕەزامەندیی ئەنجومەن بە زۆرینەی ئامادەبووەکان، دانیشتنەکە نهێنی بێت.

## ماددەی پەنجاو سێیەم

دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە لەئەنجومەنەوە هەڵقولاوە،یان دە ئەندام لە ئەندامەکانی بۆیان هەیە پرۆژەی یاساکان پێشنیازبکەن. پرۆژە یاساش وتوێژی لەسەرناکرێ بەر لەوەی لیژنەی تایبەتیوپسپۆر سەیری نەکات، هەرپرۆژەیەکیش پەرلەمان ڕەتیبکاتەوە، لەمیانەی هەمان خولی بەستنی ئەنجومەن پێشکەش ناکرێتەوە.

## ماددەی پەنجاو چوارەم

١- هەر ئەندامێکی پەرلەمان بۆی هەیە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پرسیارو لێپرسینەوە ئاڕاستەی ئەندامانی ئەنجومەنی جێبەجێکردن بکات لەو بابەتانەی کەدەکەونە چوارچێوەی کارو دەسەڵاتەکانیانو ئەوانیش دەبێ لەماوەی حەوت ڕۆژ لەڕۆژی پێڕاگەیاندنیانەوە. وەڵامی بدەنەوەو لەناو پەرلەماندا، لەکاتی پێویستدا وتوێژ لەسەر بابەتی لێپرسینەوەکە دەکرێ.

---

[33] – برگەی ( ١ )ی ماددەکە بەماددەی دووەمی یاسای ژمارە( ٥ )ی ساڵی ١٩٩٨ یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای ژمارە( ١ )ی ساڵی١٩٩٢ هەموارکرا.

[34] – ئەم ماددەیە بەماددەی سێیەمی یاسای ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ١٩٩٨ ( یاسای هەموارکردنی دووەمی یاساکە )هەموارکرا.

٢- چواریەکی ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە داواکاری هۆکار پێشکەشبکەن بۆ بڕوا لێسەندنەوە لە ئەنجوومەنی وەزیران، یان یەکێ لەئەندامانی، ئەنجومەنیش تاماوەی حەوت رۆژ لەمێژووی پێشکەشکردنیەوە تێنە پەرێت وتوێژ لەسەر ئەم داواکاریە نەکات دوای دوورۆژ لەوتوێژ ئینجا دەنگی لەسەردەدرێ.

٣- ئەگەر پەرلەمان بڕوای لەدەسەڵاتی جێبەجێکردن یان لە سەرۆکەکەی بکشێتەوە، ئەوا، دەبێ دەستبەجێ وازهێنانی خۆی پێشکەشبکات.

## ماددەی پەنجاو پێنجەم

سەرۆکی ئەنجوومەن یان ئەوەی جێیدەگرێتەوە، پاراستنی نیزام لەناو ئەنجومەندا دەگرێتە ئەستۆ.

## دەروازی پێنجەم

## ئەرك و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەن

## ماددەی پەنجاو شەشەم [٣٥]

پەرلەمان، ئەم ئەرك ودەسەڵاتانەی خوارەوە جێبەجێدەکات:

١- یاسادانان.

٢- بڕیاردان لەسەر رێکەوتنەکان، یەکلاکردنەوەی کێشە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستان-عێراق، دیاریکردنی پەیوەندیی یاسایی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی( مەرکەزی ).

٣- دەستنیشانکردنی سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، کە ئەویش دەسەڵاتی دەستنیشانکردنی ئەندامانی دەسەڵاتەکەی هەیە لەنێوان ئەندامانی پەرلەمان یان کەسانی تردا.

٤- متمانەدان بەدەسەڵاتی جێبەجێکردن، یان لێسەندنەوەی.

٥- بریاردان لەسەر بوجەی گشتیو پلانەکانی گەشە پێدان.

٦- چاودێری دانان لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

٧- پێکهێنانی لیژنەی جۆربەجۆر بۆ لێکۆڵینەوە لەهەر کاروبارێکی بیەوێ.

---

[٣٥] - بڕیارێك لە پەرلەمانی کوردستانەوە بەژمارە (١)لە (٥-٧-٢٠٠٥) دادەرچووە کە: پەرلەمان خۆی دەبێتە مەرجەعی سیاسی و دەستوری بۆ یەکلاکردنەوەی مەسەلەکانی چارەنووسی گەلی کوردستان –عێراق. ودیاریکردنی پەیوەندی دەستوری لەگەڵ دەسەڵاتی فیدراڵی کۆماری عێراق ئەم بڕیارە لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)بەژمارە (٥٨) لە ٢٠٠٥/١٢/٢٩ بڵاوکراوەتەوە.

٨- دانانی پەیڕەوی ناوخۆی، دیاریکردنی میلاکات، بڕیاردان لەسەر بوجەکەی و دامەزراندنی کارمەندەکانی.

٩- پێکهێنانی لیژنە هەمیشەیی و کاتییەکان لە ئەندامانی ئە نجومەن بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی.

١٠- دانانی ڕێسا ( بنچینە ) بۆ تۆمەتبارکردن و دادگایکردنی ئەندامەکانی، لە کاتی شکاندنی ئەو سویندەی کە خواردوویانە.

١١- یەکلاکردنەوەی ئەو تانانەی کە پێشکەشکراون لە بارەی دروستیی هەڵبژاردنی ئەندامەکانی، ئەندامێتیش بە زۆرینەی دەنگی دوو لەسەر سێی ئامادەبووانەوە نەبێ، هەڵناوەشێتەوە.

## دەروازەی شەشەم

## تاوانەکانی هەڵبژاردن

### ماددەی پە نجاو حەوتەم [٣٦]

یەکەم: هەرکەسێ، بەیاننامە، یان وێنە یان بڵاوکراوەی تایبەتی هەڵبژاردن لە دەرەوەی جێگا تایبەتەکانی هەڵبواسێ، بۆ ماوەیەك سزای بەندکردن دەدرێ لەیەك مانگ زیاتر نەبێ.

دووەم: هەر کەسێ لەحوکمی برگەکانی ( چوارەم، پێنجەم، شەشەم، حەوتەم )ی ماددەی بیست وپێنجەمی ئەم یاسایە لابدا، بە بەندکردن سزادەدرێت بۆ ماوەیەك لەیەك مانگ کەمتر نەبێت، بە غەرامەیەکیش کە لە یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت.

سێیەم: بەبەندکردن سزا دەدرێ بۆ ماوەیەك لە ( ٦ ) مانگ کەمتر نەبێت، بە غەرامەیەکیش لە ( ١٠٠٠٠٠ ) سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە ( ٥٠٠٠٠٠ )پێنج سەد هەزار دینارزیاتر نەبێت، هەرکەسێ:

١-بە ئەنقەست ناوێکی یان چەند ناوی، یان خسڵەتی درۆی لە نەخشەکانی هەڵبژاردندا نووسی، یان بە ئەنقەست و بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە ناوێکی نەنووسی.

٢-ناوی خۆی، یان ناوێکی تری، بەبێ بوونی مەرجەکانی یاسایی بنووسێ یان بیسڕێتەوە.

---

[٣٦] - ماددەی ( ٥٧ )لە یاسەکە، بەماددەی چوارەمی یاسای هەموارکردنی پێنجەمی یاسای پەرلەمان ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ٢٠٠٩ لە ٢٠٠٩/٥/١٣ ئیلغاکرا، ناوەرۆکی ئەم ماددەیە جێگای گرتەوە.

٣-له هه‌ڵبژاردندا ده‌نگی خۆی بدا و بشزانێ که ناوه‌که‌ی له تۆماری ده‌نگده‌راندا به پێچه‌وانه‌ی یاسا نووسراوه، یان ئه‌و مه‌رجه یاساییانه‌ی له ده‌ستداوه که پێویستن بۆ به‌کارهێنانی مافی ده‌نگدان.

٤-به ئه‌نقه‌ست به‌ناوی که‌سێکی تره‌وه ده‌نگبدات.

٥-نهێنی ده‌نگدانی ده‌نگده‌رێك ئاشکرابکات به‌بێ ڕه‌زامه‌ندی.

٦-مافی ده‌نگدانی خۆی له جارێك زیاتر به‌کاربێنێ.

٧-ئاره‌زووی ده‌نگده‌رێکی نه‌خوێنده‌وار بگۆڕێ، ناوی که‌سێك بنووسێ یان ئاماژه به هێمایه‌ك بدات که ئه‌و نه‌خوێنده‌واره نه‌یویستبێ، یان هه‌ر ده‌نگده‌رێکی له مافی ده‌نگدان به گیرهێنابێ ( عرقل ).

٨-خۆی له زیاتر له‌یه‌ك بازنه‌دا، یان له زیاتر له‌یه‌ك لیستی هه‌ڵبژاردندا پاڵاوتبێ.

٩-له کاتی جیاکردنه‌وه‌ی ده‌نگه‌کاندا گزیی کردبێ.

چواره‌م: به‌به‌ندکردن سزا ده‌درێت بۆ ماوه‌یه‌ك له‌یه‌ك مانگ که‌متر نه‌بێ، له‌یه‌ك ساڵیش زیاتر نه‌بێ، هه‌رکه‌سێ:

١- به‌نقه‌ست ده‌ستدرێژی بکاته سه‌ر وێنه‌ی پاڵێواره‌کان یان به‌رنامه‌کانیان که له جێگای تایبه‌تی خۆیاندا لکێنراون، بۆ سوودی که‌سێکی تر یان لایه‌نێکی تر، بۆ ئه‌وه‌ی زیان به‌و پاڵێوراوه بگه‌یه‌نێ، یان کاریگه‌ی له‌سه‌ر پرۆسه‌ی هه‌ڵبژاردنه‌که هه‌بێ.

٢- ئه‌گه‌ر ڕایگه‌یاند، که پاڵێوراوێك له پرۆسه‌ی هه‌ڵبژاردنه‌که کشاوه‌ته‌وه‌و ده‌شیزانی که درۆده‌کات به‌ڵام مه‌به‌ست ئه‌وه بوو که کار له ده‌نگده‌ران بکات یان ده‌نگه‌کانی ئه‌و پاڵێوراوه بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

٣- به‌هه‌ر هۆیه‌ك، ده‌ستدرێژی بکاته سه‌ر ئه‌و ئامرازانه‌ی ده‌نگدان، که به یاسا ڕێگای پێدراوه، به سڕینه‌وه یان به دڕاندن یان به‌هه‌ر هۆیه‌کی تر

پێنجه‌م: به‌به‌ندکردن بۆ ماوه‌یه‌ك سزا ده‌درێت، له‌یه‌ك ساڵ که‌متر نه‌بێ، هه‌ر که‌سێ:

١-هێز، یان هه‌ڕه‌شه به‌کاربێنێ بۆ ڕێگه‌گرتن له ده‌نگدانی که‌سێك به‌و شێوه‌یه‌ی که خۆی ده‌یه‌وێ، یان ڕێگه‌ی پێنه‌دات ده‌نگبدات.

٢-به‌ڵێن بدات به‌هه‌ر ده‌نگده‌رێك یان به غه‌یری ئه‌و که سوودێکی بداتێ یان بیخاته پێشی یان به‌ڵێنی بداتی بۆ ئه‌وه‌ی به بارێکی دیاریکراو بیهێنێته ده‌نگ، یان ڕێگه‌بگرێت له‌وه‌ی ده‌نگبدات.

٣-سوودێك قبوڵبکات یان داوای بکات، بۆ خۆی، یان بۆغه‌یری خۆی له‌و که‌سه‌ی که خزمه‌تی گشتیی پرۆسه‌کانی هه‌ڵبژاردنی که‌وتۆته سه‌رشان.

٤-ده‌نگوباسی درۆ له باره‌ی ڕه‌وشتی پاڵێوراوێکه‌وه یان له باره‌ی ناوبانگیه‌وه، له‌ناو ده‌نگده‌راندا بڵاوبکاته‌وه یان جاڕی بۆ بدات، بۆ ئه‌وه‌ی کاریگه‌ری هه‌بێت له‌سه‌ر ڕای ده‌نگده‌ران ده‌رباره‌ی ئه نجامه‌کانی ده‌نگدانه‌که.

**٥-به پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە، بە چەکەوە، یان بەتیغەوە (سلاح جارح) بچێتەوە ناو بارەگای تایبەتی دەنگدانەوە.**

**٦-جوێن، یان تەشەر بدات یان دەستدرێژی بکاتە سەر لیژنەی هەڵبژاردنەکان، یان یەکێ لە ئەندامەکانی لە کاتی پرۆسەی دەنگداندا.**

**٧-سندوقەکانی دەنگدان، یان خشتەکانی دەنگدان، یان هەر بەڵگەنامەیەك خراپ بکات کە پەیوەندیی بە پرۆسەی هەڵبژاردنەکەوە هەبێت.**

**٨-دروشمەکانی ئاین، یان ماڵەکانی خواپەرستی بۆ کاری حیزبی یان بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بەکاربێنێ.**

**شەشەم: بە حەپس بۆ ماوەیەك سزادەدرێ لەیەك ساڵ کەمتر نەبێ، بە غەرامەیەکیش لە (١٠٠٠٠٠)سەد هەزار دینار کەمتر نەبێ، لە (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێ، هەر کەسێ:**

**١-سندوقەکانی دەنگدان، یان وەرەقەکانی دەنگدان، یان تۆمارەکانی دەنگدانی هەبێ، یان بیشارێتەوە، یان لە ناویانبەرێت یان خراپیان بکات، یان تێکیانبدات، یان بیاندزێ، یان ئەنجامەکان بەهەر ڕێگەیەك بگۆڕێت.**

**٢-بەهێز، یان بەهەڕەشە، لە ئازادیی هەڵبژاردن یان لە پەیڕەوی هەڵبژاردن لابدات.**

**حەوتەم: لە حاڵەتێکدا ئەگەر سەلمێنرا قەوارەیەکی سیاسی لە هەر جەریمەیەك لە جەریمەکانی هەڵبژاردندا- کە دەقەکەی لەم یاسایەدا هاتووە- تێوەگلا، ئەوا بەغەرامەیەکی دارایی سزا دەدرێ بڕەکەی (٥٠٠٠٠٠٠٠) پەنجا ملیۆن دینار بێت.**

**هەشتەم: کەیانی سیاسی، لەو دەنگانەی کە لە مەرکەزی هەڵبژاردندا بە دەستیهێناوە بێبەشدەکرێ، لە حاڵەتێکدا لەجەریمەیەك لەو جەریمانەی هەڵبژاردندا تێوەگلا کە دەقەکانیان لە بەندەکانی (یەکەم، پێنجەم، شەشەم، حەوتەم، هەشتەم)ی ماددەی (٢٥)ی ئەم یاسایەدا هاتوون.**

**نۆیەم: سزادەدرێ بە بەندکردن و بە غەرامەیەکیش لە دە ملیۆن دینار کەمتر نەبێ، لە بیست و پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێ هەر کەسێ لە حوکمی بڕگەی (هەشتەم)ی ماددەی (٢٥)ی ئەم یاسایە لابدات.**

**دەیەم: هەر حیزبێك، یان هەر کەیانێکی (پێکهاتەیەکی )سیاسی، میلیشیای چەکداری هەبێ لە بەشداربوونی هەڵبژاردن بێبەشدەکرێت.**

**یازدەیەم: هەر کەیانێکی سیاسی بەهێز یان بە هەڕەشەی بە کارهێنانی هێز، بۆ بەرژەوەندی خۆی، یان لە دژی غەیری خۆی، ناوچەیەکی هەڵبژاردن دابخات، لە بەشداربوونی هەڵبژاردنەکان و لە ژماردنی دەنگەکان بێبەشدەکرێت.**

دوازدەیەم: بەدەر لە حوکمەکان ڕێسا گشتییەکان، سزای جەریمەی تەواوی بەسەردا دەدرێ، هەر کەسێ هەوڵبدات ماددەکانی تاوانەکانی هەڵبژاردن کە دەقەکانیان لەم یاسایەدا هاتوون پێشێلبکات.

## دەروازەی حەوتەم

## ئەحکامەکانی تر

### ماددەی پەنجاو هەشتەم [37]

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق، جێگەی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان-عێراق کە لەم یاسایەدا هاتووە دەگرێتەوە بۆ سەرپەرشتییکردن و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکانی خولی دووەمی پەرلەمان وبەڕێوەبردنی.

### ماددەی پەنجاو نۆیەم [38]

هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان-عێراق، کە لە دەرەوە دادەنیشن (المقیمین) مافی بەشداربوونیان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان-عێراقدا هەیە.

### ماددەی شەستەم [39]

پرۆسەی دەنگدانی کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، زێرەڤانی هەرێم ( پێشمەرگە ) و سوپا، کارمەندانی نەخۆشخانەکان و بەندیخانەکان وبەندکراو و حوکمدراوەکان، لە چەند ناوەندێکی تایبەت بە خۆیان ئەنجامدەدرێت کە دەستەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکاندا دەستنیشانیاندەکات، بە مەرجێ پیش چلوهەشت کاژێر لە وادەی دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکان ئەنجامبدرێت.

---

[37] - ئەم ماددەیە زیادکراوە بۆ دەروازەی حەوتەمی ( ئەحکامەکانی تر ) بەپێی ماددەی هەژدەمی یاسای ژمارە( ٤٧ )ی ساڵی ٢٠٠٤ یاسای هەموارکردنی سێیەم، بەپێی ماددەی نۆزدەهەم کار بە هێچ دەقێك ناکرێت ئەگەر ناکۆك بێت لەگەڵ ئەم یاسایەدا و بەپێی ماددەی بیستەم، لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانە جێبەجێی بکات، بەپێی ماددەی بیست و یەکەمی یاساکە جێبەجێکرا لە بەرواری دەرکردنی لە ٢٠٠٤/١١/٢١و لە ژمارەی ( ٢٣ ) لە ٢٠٠٤/١٢/١٩ ڕۆژنامە (وەقایعی کوردستان ) بڵاوکراوەتەوە، دوای ماددەی هەژدەیەم زیادکراوەکە بەپێی ماددەی ( حەوتەم )ی یاسای ژمارەی ( ٢ )ی ساڵی ٢٠٠٩ لە ٢٠٠٩/٣/٢٥ دەرچوویێندرا جێگای هەموارکراوە کۆنەکەی گرتەوە و لە ٢٠٠٩/٣/٢٥دا جێبەجێکرا (تێبینی ماددەی شەشەمی دووبارە لە هەموارکردنی چوارەمی یاساکە ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٠٩ لە ٢٠٠٩/٣/٢٥ بکرێت ) و هەموارکردنی پێنجەم بە یاسای ژمارە ( ٥ )لە ٢٠٠٩/٥/١٣ کرا٠

[38] - بەپێی ماددەی دەیەمی یاسای هەموارکردنی چوارەم ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠٠٩ لە ٢٠٠٩/٣/٢٥ ئەم ماددەیە زیادکرا بۆ یاساکە و ڕیزبەندی ماددەکان ڕێکخران بە گوێرەی ماددە زیادکراوەکان.

[39] - بەپێی ماددەی یازدەیەمی هەموارکردنی چوارەمی یاساکە ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠٠٩ لە ٢٠٠٩/٣/٢٥ ئەم ماددەیە زیادکرا.

## **ماددەی شەستویەك [٤٠]**

**یەكەم: هەڵوەشێندرایەوە .***

**دووەم :هەلوەشێندرایەوە .***

**سێیەم:- ئەگەر كورسیە بە تاڵەكە هی لیستێك بوو كە پاڵێوراوی نەمابێ، ئەوا كورسیەكە بۆ پاڵێوراوێكی دیكە لە قەوارەیەكی سیاسی دیكە تەرخاندەكرێ كە كەمترین ڕادەی ژمارەی ئەو دەنگانەی بە دەستهێناوە كە بۆ پڕكردنەوەی كورسییەك پێویستە، بە پێچەوانەش كورسییەكە بە بەتاڵی دەمێنیتەوە.**

**چوارەم : ئەگەر كورسیە بەتاڵەكە تایبەت بوو بە ژن، مەرج نییە ژنێكی دیكە جێی بگرێتەوە، مەگەر لەو بارەدا كە كاریگەری لەسەر ڕێژەی نوێنەرایەتی ژناندا هەبێ.**

**پێنجەم [٤١]: لە حالەتی سوێند نە خواردنی پاڵێوراوی هەڵبژێردراو بۆ پەرلەمان لە ماوەی دیاریكراو دا بەبێ هیچ هۆیەكی رەوا ، ئەوا دوای ( ٩٠ ) رۆژ لە مێژووی ناوبراو مافی ئەندامیەتی نامێنێ و پاڵێوراوێكی دیكە بە پێی یاسا شوێنی دەگرێتەوە .**

---

٤٠- بە پێی ماددەی پێنجەمی یاسای ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ٢٠٠٩ كە لە ٢٠٠٩/٥/١٣ دەركرا یاسای هەمواركردنی پێنجەمی یاساكە بۆ ئەم ماددەیە زیاد كرا. *وە برگەی ( *یەكەم و *دووەمی هەلوەشێندرایەوە بە پێی دەقی ماددەی ( دەیەم )لە یاسای ژمارە ( ١٥ ) ی ساڵی ٢٠١٣یاسای حەوتەمی هەمواركردنی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢

٤١- برگەی پێنجەم بۆ ئەو ماددەیە زیادكرا بە پێی شەشەمین هەمواركردنی یاسای ژمارە ١ ی ساڵی ١٩٩٢( یاسای ژمارە ١٣ یاسای شەشەمین هەمواركردن كە لە ژمارە ١٠٩وەقائعی كوردستان لە ٢٠١٠/٣/١٥ بڵاو كراوەتە

٤٢-ئەم ماددەیە بە پیێ دەقی ماددەی ( نۆیەم )لە یاسای ژمارە ( ١٥ )ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای حەوتەمین هەموراكردن زیادكراوە

٤٣- *تیبێینی گشتی لە بارەی یاسای ژمارە ( ١ )ی ساڵی ١٩٩٢ و پێنج هەمواركردنەكانی تاكو رۆژی ٢٠٠٩/٥/١٣، هەمواركردنەكان دەقیان تێدایە، كە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان دەبێ حوكمەكانی ئەم یاسایانە جێبەجێبكەن و كە لە مێژووەكانیانەوە بە جێبەجێكراو دادەنرێن.

* بە پێی ماددەی پێنجەم یاسای ژمارە ( ٥ ) ی ساڵی ٢٠٠٩ كە لە ٢٠٠٩/٥/١٣ دەركرا یاسای هەمواركردنی پێنجەمی یاساكە ئەم ماددەیە زیاد كرا.

* یاسای ژمارە ( ١ )ی ساڵی ١٩٩٢ لە مێژووی بڵاوكردنەوەی لە ١٩٩٢/٤/٨ لە رۆژنامەی بەرەی كوردستانی جێبەجێكراو پاشان رۆژنامەی ( ئەنجومەن ) لە ژمارە ( ١ ) لە ١٩٩٢/٩/١٥ دا بڵاوكرایەوە.

* هەمواركردنی یەكەم بۆ یاساكە ژمارە ( ٤ )ی ساڵی ( ١٩٩٤ )ە لە مێژووی دەرچوونی لە ١٩٩٤/١٢/١٤ جێبەجێكراوە و لە رۆژنامەی پەرلەمان بە ژمارە ( ٢٣ )ی رۆژی ١٩٩٤/١٢/٢٥ بڵاوكراوەتەوە.

* هەمواركردنی دووەم بۆ یاساكە كە ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ١٩٩٨ بووە، ئەو لە رۆژنامەی پەرلەمانی ژمارە ( ٣٧ )ی رۆژی ١٩٩٨/٨/١٥ بووەو لە رۆژی دەرچوونی لە ١٩٩٨/٤/٢٩ ەوە بە جێبەجێكراو دانرا.

* هەمواركردنی سێیەمی یاساكەش كە بە ژمارە ( ٤٧ )ی ساڵی ٢٠٠٤ بوو ئەو لە رۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی كوردستان )ی ژمارە ( ٥٣ ) ی رۆژی ٢٠٠٤/١٢/١٩ بڵاوكراوەتەوە و لە رۆژی دەرچوونیەوە لە ٢٠٠٤/١١/٢١ بە جێبەجێكراو دانراوە.

* هەمواركردنی چوارەمی یاساكە كەژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠٠٩ لە رۆژی ٢٠٠٩/٣/٢٥ جێبەجێكراوە و لە رۆژنامەی فەرمی و ( وەقایعی كوردستان ) لە ژمارە ( ٩٨ )ی رۆژی ٢٠٠٩/٥/٤ بڵاوكراوەتەوە.

* هەمواركردنی پێنجەمی یاساكە كەژمارە ( ٥ )ی ساڵی ٢٠٠٩یە، لە رۆژی ٢٠٠٩/٥/١٣دا بە جێبەجێكراو دادەنرێ لە رۆژی ٢٠٠٩/٥/١٤ و لە رۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی كوردستان ) لە ژمارە ( ١٠٠ )ی رۆژی ٢٠٠٩/٦/١ بڵاوكرایەوە.

* هەمواركردنی شەشەمی یاساكە كەژمارە ( ١٣ )ی ساڵی ٢٠٠٩یە، لە رۆژی بە جێبەجێكراو دادەنرێ لە رۆژی و لە رۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی كوردستان ) لە ژمارە ( ١٠٩ )ی رۆژی لە ٢٠١٠/٣/١٥ بڵاوكرایەوە.

*هەمواركردنی حەوتەمی یاساكە كە ژمارە ( ١٥ )ی ساڵی ٢٠١٣یە، لە رۆژی بە جێبەجێكراو دادەنرێ لە رۆژی و لە رۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی كوردستان ) لە ژمارە ( ی رۆژی بڵاوكرایەوە.

**ماددەی شەست و دووەم**

دوای تێپەڕبوونی سێ مانگ بەسەر کۆتایی هاتنی هەڵبژاردنەکان، گوێ لەو داواکارییانەی ناگیرێ کە لە ئە نجامی هەڵبژاردنەکانەوە دروستبوون.

**ماددەی شەست و سێیەم**

نابێ هیچ چەکدارێك یان هێزێکی چەکدار بچێتە ناو پەرلەمان یان لە نزیك دەرگاکانی جێگیربێ مەگەر بە داواکردنێك لە سەرۆکی پەرلەمان.

**ماددەی شەست و چوارەم**[٤٢]

لە حاڵەتی بەتاڵمانی هەر کورسییێك ، ئەوا لە لایەن پالێوراونی ئەو قەوارەیەی خاوەن کورسیەکەیە پڕ دەکرێتەوە ، ئەویش بە بەخشینی بەو پالێوراوەی زۆر ترین دەنگی بەدەستهێناوە ، وە لە حالەتی یەکسان بوونی دەنگەکانی پالێوراواندا ئەوا پرکردنەوەی کورسیە بەتاڵەکە بە گوێرەی ئەو لەویەتی ریزبەندی ناوەکان لە لیستە بنەرەتیەکەوە دەبێت .

**ماددەی شەست و پێنجەم**

ئەو یاسایانەی کە لە پەرلەمان دەردەچن لە رۆژنامەی تایبەتی بڵاودەکرێنەوە کە خۆی دەریدەکات و لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەیشیان جێبە جێدەکرێن، ئەگەر مێژوویەکی دی بۆ دەستنیشان نەکرابێ.

**ماددەی شەست و شەشەم :**[٤٣]

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ( بەرەی کوردستانی ) بەجێبەجێکراو دادەنرێ.

لە ڕۆژی چوار شەممەی ڕێکەوتی ( ١٩٩٢/٤/٨ )ز بەرامبەر ١٩ی نەورۆزی ساڵی ٢٦٩٢ ی کوردی دەرچوێنرا .

سەرۆکایەتیی سیاسیی بەرەی کوردستان

- جلال تاڵەبانی          یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

- مسعود بارزانی          پارتی دیموکراتی کوردستان

- عەبدوڵلا ئاگرین     پارتی سۆسیالیستی کوردی ( پاسۆك )

- رەسولٚ مامەند          پارتی سۆسیالیستی کوردستان –عێراق

- عزیز محمد                حیزبی شوعی کوردستان

- سامی عبدالرحمن   پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان

- قادر عزیز                پارتی زەحمەتکێشانی کوردستان

- یعقوب یوسف          بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری

**هۆکارە پێویستەکان بۆ دانانی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢**

**یاسای پەرلەمانی کوردستان _ عێراق**

حکومەتی عێراق ، لەم دواییەدا کارێکی ئەوتۆی کرد کە لە مەوبەر شتی وا ڕووی نەداوە ، ئەوەبوو بڕیاری دا ئیدارەکانی خۆی ( دایەرەوفرمانبەران ) لە ناوچەی کوردستان بکێشیتەوە، بەمەش بۆشاییەکی حکومی و یاسا کاریی بیٚ وینە ی نایەوە و، بەرەی کوردستانی کە لە گەلیٚدا لە دانوستاندا بوو خستە بەردەم بارودۆخیچکی ئاڵۆزو ئەزموونێکی گران ، چونکە هەر کۆمەڵگەیەك ئادەمیزادی تێدا بێت ، ناچار پێویستە کاروباری ڕێك بخریٚ بۆ ئەوەی یاسا، سەروەر بیٚ و عەدالەت بەرپابیٚ و ، خۆراك و دەرمان دەسەبەربیٚ و ، ئاسایش و ماف و مولچك و ماڵ و ئازادی و ژیان و حورمەتی هاولاتیان پارێزراو بێت . ئەمانەش بە کۆششی تەنیا کەس ( الفردی ) زامن ناکریچن ململانیٚ و ئاژاوەی لیٚ پەیدا دەبیٚ . ئەم دۆخە پێویستی بە کۆششی هاوبەشە بۆ ڕێکخستن و بەرێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگە و داسەپاندنی حوکمی یاساو عەدالەت ، ئەمەش لە ڕێگای نوێنەرانی گەلەوە دێتە دەست .

ئادەمیزاد ، هەر لە کۆنەوە دانی بە دیموکراتیدا ناوە، کە شیوازێکی چاکی دەربڕینی ئاوات و ئومێدی داو رۆژ راو بۆ چوونی کۆمەڵ و هەڵبژاردنی نوێنەری خۆیەتی کە حوکم وئیدارە بگریتە ئەستۆ ئەم پڕەنسیپە سەلماندوویەتی کە بۆ کار پێکردن چاکەو ، شایەنی ئەزمونەو، هیچ پرنسیپێکیش بە درێژایی چاخەکانی مێژوو بە قەدەر پێرۆی دیموکراتی خۆراگر نەبووە، تا وای لیٚ هات ، بوو بە ڕێساو رچەی جیهانی ئەمرۆ، ئەم جیهانەی کە لا پەرەکانی رژێمی دیکتاتۆریی تێدا دەپێچرێتەوە ، پایەکانی سیستەمێکی جیهانیی نوێی لە جیٚ دادەمەزریٚ کە لەسەر دوو کوچکەی بنچینەیی راگیرین، ئەمانەن : ( دیموکراتی و، ڕێزنان لە ماف و ئازادییەکانی ئادەمیزاد ( مرۆڤ ) ) .

بەرەی کوردستانی ، کە خۆی دەستەلاچتی واقیعی گۆڕەپانەکەیە ( Defacto ) کە و تە خۆ و ، شانی دایە بەر ئەو ئەزموونە سەخت و گرانە، کە حکومەتی عێراق ، بۆی بە جیٚ هیشت ، لەبەر ئەوە، بەرەی کوردستان بڕیاری دا کە بە گیانێکی سەردەمیانە، شان بداتە بەر ئەو ئەرکانەو ، بە کردەوە پێگەیەنێتە .

واقیعی ئەم ژیانەی ئێستای کوردستان _ عێراق. لەم پێناوەشدا، هەنگاوی یەکەم لەم کاروانەدا ئەوەیە کە ئەم کۆمڵکایە پا هەڵگریٚ و بگاتە کاروانی جیهانی خاوەن شارستانی بۆ زامنکردنی ئەوەی کە بناغەی لەسەر دوو کوچکەی دیموکراتی و ڕێزلێنان لە ماف و ئازادییەکانی ئادەمیزاد دا مەزریٚنیٚ کەبەڵگەنامەو ڕێساکانی نێو دەوڵەتی بنیاتیان

ناوە، هەروەها بۆ ئەوەش بە جیهانی بسەلمێنین کە گەلی کوردستان_عێراق دەتوانێ کارو باری خۆی بە پێی ئەو پرەنسیپانەی کە جیهانی ئەمرۆ دانی پێداناوە هەلسوڕێنێ و بەڕێوەی ببات.

بەرەی کوردستانی، لەسالی( ١٩٨٨ )دا بە پێی پێڕۆی ناو خۆی بڕیاری وابوو ئە نجومەنێکی نیشتمانی کوردستانیی پێکەوە بنێ، ڕاو ئارەزووی گەلی کوردستان دەر ببڕێ و کلیلی چارەنوسی بۆ بدۆزرێتەوە ، بەلام بارو دۆخ نەڕەخسا کە ئەو بڕیارەی لە زەمینەی واقعیدا بە کردار جێبەجێ بکات تەنیا لەو دووسالەی بەر لە بەر خودانە شکۆمەندەکەی بەهاری سالی ( ١٩٩١ )دانەبێ، دوای ئەوەش هەر بۆی نەکرا، لەبەر ئەو کارەساتە یەك لە دوا یەکانەی کە لەسەر یەك وبە خێرایی دەقەومان و ، کۆڕەوە گشتییەمێژووییەکەشی بەسەردا هات و، ئەو دانوستانەش لەگەڵ حکومەتی عێراقدا کە بوو بەریشیمانەوە، تا ئێستاش هیچ ئاواتێکی بەرەی کوردستان بۆ وەدیهێنانی داخوازیەکانی گەلی کوردستان _عێراقی وەدەست نەهێنا ئەوە بوو حکومەتی عێراق کوتە فڕوفێڵ و دەستخەڕۆ کرد نمان و ، لەو بەلێنانەش پەشیمان دەبۆوە وە کە لە سەرەتای دانوستانەکاندا پێمانی دابوو ، وێڕای ئەوەش فشاری هەمە جۆری سەربازی و ئابوری و دارایی و ئیداری و دەروونی خستە سەر کوردو کوردستان و، لە کەمترین حورمەت و مافی مرۆڤ کە لە جیهانی شارستانی دا، ئاساییەو دانی پێدانراوە لای داو پشت گوێی خست ، لەبەر هەمو ئەوانەو، لەبەر ئەوەش کە پێڕۆی دیموکراتی بریتیە لە حوکم و فەرمانڕانیی گەل و بەڕێوە بردنی کارو باری گەل لە ڕێگای نوێنەرانەوە کە خۆی بە شێوەیەکی ئازاد هەلیانبژێرەێ و، هەموو دەسەلاتێکیان پێدەسپێرێ کە بە زنجیرە ڕێکارێك حوکمی یاسا بەرپا بکەن و کۆمەلی دەزگاو ڕێکخراوی پسپۆڕو تایبە تمەندی لێبێتەدی و. بە پێی پرەنسیپی جیاکردنەوەی هەرسێ دەسەلاتی تەشریعی و جێبەجێکاری و دادوەری، بۆشایی یاسایی پڕبکەنەوەو، ئیدارەی کاروباری کوردستان_عێراق پێکەوە بنێن و ، جۆری پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی دەست نیشان بکەن... لەو هەموو نیشانەش بە هەلبژاردنێکی ئازاد و یەکەو ڕاست و دیموکراتی نەبێ ناکرێ و نایەتەدی، جا بۆ وەدیهێنانی ئەو ئاوات و ئامانجانەی گەلی کوردستان_عێراق ، ئەم یاسایە تەشریع کرا.

**سەرکردایەتی سیاسیی بەرەی کوردستانی ١٩٩٢/٤/٨ز ڕێکەوتی ( ١٩ )ی**

**نەورۆزی سالی ٢٦٩٢ی کوردی**

## ( پاشکۆکان )

( ١ ) دەقی یاسای ژمارە ( ١ ) ی ساڵی ١٩٩٢.

( ٢ ) دەقی یاسای ژمارە ( ٤ ) ی یاسای هەموارکردنی یەکەم یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ١٩٩٤ .

( ٣ ) دەقی یاسای ژمارە ( ٥ ) ی ساڵی ١٩٩٨ یاسای هەموار کردنی دووەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.

( ٤ ) دەقی یاسای ژمارە ( ٤٧ ) ی ساڵی ٢٠٠٤ یاسای هەموار کردنی سێیەم یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.

( ٥ ) دەقی یاسای ژمارە ( ٢ ) ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەموار کردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان .

( ٦ ) دەقی یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٩یاسای هەموارکردنی پێینجەمی یاسای هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.

( ٧ ) دەقی یاسای ژمارە( ١٣ ) یساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەموارکردنی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان .

( ٨ ) دەقی یاسای ژمارە( ١٥ ) یساڵی ٢٠١٣ یاسای هەموارکردنی حەوتەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان .

### پاشکۆی(١)

### یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عیراق ١٩٩٢

لەسەر بنەمای بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردستانی عیراق سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی عیراق ئەم یاسایەی دەرکرد، کە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی بەرەی کوردستانی لە ١٩٩٢/٤/٨ای بەرامبەر بە

١٩/نەورۆز/٢٦٩٢ی کوردی چووە قۆناغی جێ بەجێکردنەوە ، پاشتر لەژمارە یەکی رۆژنامەی ( ئەنجومەن ) لە ١٩٩٢/٩/١٥دا بڵاوکرایەوەو بەمەش پەرلەمانی کوردستان متمانەی خۆی دایە* .

## یاسای ژمارە ( ١ ) بۆ ساڵی ١٩٩٢

## یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق

### دەروازی یەکەم

### پێکهاتەی ئەنجومەن

**ماددەی یەکەم:**

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق لە چەند ئەندامێك پێکدێت کە ژمارەیان لە ( ١٠٠ ) ئەندام کەمتر نەبێت و لەسەر بنەمای یەك نوێنەر بۆ هەر سی هەزار سەرنشینێك.

**ماددەی دووەم:**

هەڵبژاردنەکان بەشێوەی هەڵبژاردنی گشتی نهێنی راستەوخۆ بەڕێوە دەچێت.

**ماددەی سێ:**

ئەندامی ئەنجومەن نوێنەرایەتی گەلی کوردستانی عیراق دەکات.

**ماددەی چوارەم:**

١ــ ناشێت هیچ ئەندامێکی ئەنجومەن وەزیفەیەکی گشتی هەبێت و فەرمانبەری گشتی بەدەست لەکارکێشاوە دادەنرێت لەو مێژووەی تیایدا سوێند لەبەردەم ئەنجومەندا دەخوات.

٢ــ ناشێت هیچ ئەندامێك لەیەك کاتدا ئەندامی ئەم ئەنجومەنەو هیچ ئەنجومەنێکی تری هەڵبژێردراو بێت.

٣ــ ناشێت سەرۆکی یەکە کارگێڕیەکان و ئەفسەرانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ خۆیان بپاڵێون بۆ ئەندامێتی ئەنجومەن ئەگەر دەست لە وەزیفەکانیان نەکێشنەوە.

٤ــ ناشێت هیچ ئەندامێکی ئەنجومەن لەماوەی ئەندامێتیدا خۆی پەیمان لەگەڵ دەوڵەتدا ببەستێت یان لەڕێگای کەسانی ترەوە، هەروەك نابێت ئیستیغلالی ئەندامێتیەکەی بکات بۆ بەرژەوەندی تایبەت.

**ماددەی پێنجەم:**

هەموو ئەندامانی ئەنجومەن تەنها بۆ کاری ئەندامێتیان لەناو ئەنجومەندا خۆیان تەرخان دەکەن

### دەروازەی دووەم

### هەڵبژاردنی ئەنجومەن

### بەشی یەکەم

### دەستەکانی هەڵبژاردن

**ماددەی شەشەم:**

* ئەم یاسایە لەژمارە ( ١ ) ی رۆژی (١٩٩٢/٩/١٥) رۆژنامەی ئەنجومەن, زمانحاڵی ڕەسمی پارلەمانی کوردستان بڵاوکراوەتەوە.

بەبڕیاری بەرەی کوردستانی دەستەیەکی باڵا دروست دەکرێت بۆ سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنەکان وبەسەرۆکایەتی دادوەرێکی پلە یەك یان پلە دوو، و ئەندامێتی داواکارێکی گشتی ناوچەی تێهەڵچوونەوە یان جێگرەکەی و نوێنەرانی بەرەی کوردستانی و نوێنەرێکی کارگێڕی، پێك دێت و ئەم ئەرکانە بەڕێوە دەبات:

١. دیاریکردنی ناوچەکانی هەڵبژاردن

٢. پێکهێنانی لیژنەکانی ناوچەکانی هەڵبژاردن بۆ سەرپەرشتی کردنی بەرێوەچونی هەڵبژاردن تێیاندا.

٣. دەرکردنی زانیاری و رێنمایی بۆ ئاسانکاری بەرێوەچونی هەڵبژاردنەکان و دیاریکردنی کات و ئەو رێگایەی کە سەرۆك و ئەندامانی لیژنەکانی هەڵبژاردنی پێ هەڵدەبژێردرێت.

**ماددەی حەوتەم:**

پێکهێنانی لیژنەی ناوچەکانی هەڵبژاردن بەسەرۆکایەتی دادوەرێك و نوێنەرانی بەرەی کوردستانی و کارگێڕیی کەئەمانیش لەرێی خۆیانەوە لیژنەی سەنتەرەکانی هەڵبژاردن پێکدەهێنن.

**ماددەی هەشتەم:**

لیژنەی هەر سەنتەرێکی هەڵبژاردن بەسەرۆکایەتی دادوەر یان جێگرێکی داواکاری گشتی و یاساناسێك و نوێنەری هەر لیستێکی هەڵبژاردن پێکدێت.

## بەشی دووەم

## ناوچەکانی هەڵبژاردن

**ماددەی نۆیەم:**

کوردستانی عیراق دابەشدەکرێتە سەر ناوچەی هەڵبژاردن بەشێوەیەك لەچوار ناوچە کەمتر نەبێت.

**ماددەی دەیەم:**

ناوچەی هەڵبژاردن دابەشدەکرێتە سەرژمارەیەك سەنتەری هەڵبژاردن کە بەگوێرەی بەیاننامەی لیژنەی ناوچەکە دەبێت.

**ماددەی یانزەهەم:**

هەڵبژاردنی تەواوکەر بۆ ئەندامێتی ئەنجومەن بەگوێرەی ئەو بنەمایانەی باسیان لێوەکراوە لەو بەشانەی کوردستانی عیراق کەئێستا ناتوانرێت هەڵبژاردنیان تێدا ئەنجام بدرێت، لەدوای نەمانی بەربەستەکان، ئەنجام دەدرێت.

## بەشی سێیەم

## کاتی هەڵبژاردنەکان

**ماددەی دوانزەهەم:**

کاتی هەڵبژاردن بەگوێرەی بڕیارێکی بەرەی کوردستانی لەرێگای هۆکارەکانی راگەیاندنەوە بەر لەکاتی دیاری کراو، بەماوەیەك کە لە مانگێك کەمتر نەبێت، بڵاودەکرێتەوە.

**ماددەی سیانزەهەم:**

دەنگدان لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستانی عیراقدا لەیەك رۆژدا ئەنجام دەدرێت.

**ماددەی چواردەهەم:**

لەکاتی تەواوبوونی ماوەی ئەنجومەنەکە یان هەڵوەشانەوەی، بڕیارێك لەماوەی پانزە رۆژدا لەلایەن سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە دەردەچێت کە لەرۆژی کۆتایی هاتنی ماوەی ئەنجومەنەکە یان هەڵوەشانەوەیەوە دەست پێدەکاتو تیایدا کاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێ بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی دوانزەهەم لەم یاسایە، دیاری دەکرێت.

## بەشی چوارەم
## خشتەکانی دەنگدەران

**ماددەی پانزەهەم:**

بۆ هەر ناوچەیەکی هەڵبژاردن خشتەی ناوی دەنگدەران بەگوێرەی سەنتەرەکانی هەڵبژاردن ئامادەدەکرێت کە بە پێی پیتەکانی ئەبجەدی رێکخراونو پیشەو ناونیشانو مێژوو شوێنی لەدایك بونیانی لەخۆ گرتووەو بەچەند کۆپیەك بۆ لیژنەی ناوچەکە دەنێردرێتو ئەگەر ئەمە نەکرا ئەوا لیژنەی باڵا دەتوانێت هەر رێگایەکی تر کەخۆی بەشیاوی دەزانێت، بیگرێتە بەر بۆ بەدیهێنانی مەبەستی داواکراو.

**ماددەی شانزەهەم:**

لیژنەی ناوچە، کاری دابەشکردنی خشتەکان بەسەر سەنتەرەکاندا دەگرێتە ئەستۆ بۆ بڵاوکردنەوەیان لەو بۆردانەدا کە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکراونو ئەمەش بەماوەیەك دەبێت کەلانی کەم بەر لە پانزە رۆژ لەکاتی دیاریکراوی دەنگدانەکە بێت، دوابەدوای مۆرکردنیان بەمۆری لیژنەی ناوچەکەو جێگیرکردنی مێژووی بڵاوکردنەوەیان لەگەڵ رەچاوکردنی ناوەرۆکی ماددەی پانزەهەم.

**ماددەی حەڤەهەم:**

فەرمانگەی باری شارستانی کارتێکی دەنگدان کەشێوەو جۆرو پێکهاتەکەی بە بەیانێکی دەستەی باڵا دیاری دەکرێت، دەداتە هەر هاوڵاتیەك کەتەمەنی هەژدە ساڵی تەواو کردبێت، بەمەرجێك دەنگدەر کەسێتی خۆی لەکاتی دەنگداندا بسەلمێنێت.

**ماددەی هەژدەهەم:**

١ــ بۆ هەر کەسێك مەرجەکانی دەنگدەری تێدا بێتو تۆمارکردنی ناوی فەرامۆشکرابێت لەخشتەی دەنگدەراندا، دەتوانێت داوای تۆمارکردنی ناوی بکات، و بۆ هەر دەنگدەرێك هەیە داوای زیادکردنی ناوی هەر هاوڵاتیەك بکات کە بەناحەق تۆمارکردنی ناوی فەرامۆشکراوە یان داوای زیادکردنی ناوی هەر هاوڵاتیەك بکات کە بەناحەق لەخشتەی دەنگدەراندا سڕدراوەتەوە، لەماوەی دە رۆژدا لەبەرواری بڵاوکردنەوەی خشتەی دەنگدەرانەوە.

٢ـ داواكە پێشكەش بە ليژنەى ناوچەكە دەكرێت بۆ يەكلاكردنەوەى لەماوەيەكدا كە لەسىٚ رۆژ تێپەڕ نەكات لەبەروارى پێشكەشكردنى داواكەوەو بڕيارى يەكلاييكردنەوەى داواكە رەها دەبێت.

## بەشى پێنجەم

## مەرجەكانى دەنگدەرو پاڵێوراو

**ماددەى نۆزدەهەم:**

بۆ هەر هاوڵاتيەكى كوردستانى عيراق هەيە نێر بێت يان مىٚ، ببێتە دەنگدەر يان پاڵێوراو، ئەگەر ئەو مەرجانەى تێدابێت كە لەم ياسايەدا باسيان لێوەكراوە.

**ماددەى بيستەم:**

مەرجە دەنگدەر هاوڵاتى كوردستانى عيراق بێتو هەژدە ساڵى تەواو كردبێت.

**ماددەى بيستو يەك:**

مەرجەكانى پاڵێوراو بۆ ئەندامێتى ئە نجومەن:

١. هاوڵاتى كوردستانى عيراق بێتو دانيشتو بێت تيايدا.
٢. شايستەيى تەواوى هەبێتو گەيشتبێتە تەمەنى سى ساڵى.
٣. خوێندنەوەو نوسين بەتەواوى بزانێت.
٤. حوكم نەدرابێت بەتاوانى لەكەدار بەشەرەفو ئادابى گشتىو پاكيزەيى ( نەزاهەت ).
٥. حوكم نەدرابێت بە بەندكردن بەتاوانى كوشتنى بەئەنقەست يان دزى.
٦. بەشدارى نەكردبێت لەو تاوانانەى دەسەڵاتى پاكتاوكەر پلانى بۆداناونو لەكوردستان ئە نجامى داون.

## بەشى شەشەم

## خۆ پاڵاوتن

**ماددەى بيستو دوو:**

١ـ هەر حزب يان چين يان كەمينەيەكى نەتەوەيى ( توركمان، عەرەب، ئاشوريى يان هەركەمينەيەكى تر )دەتوانێت ليستى تايبەتى خۆى پێشكەش بكات كەناوى پاڵێوراوەكانى لەسەر ئاستى كوردستانى عيراق لەخۆ گرتبێت.

٢ـ پێشكەشكردنى ليستى پاڵێوراوەكان لەماوەى دە رۆژدا دەبێت كە لەرۆژى بلاوكردنەوەى كاتى هەڵبژاردنەكانەوە دەست پێدەكات بۆ سەرۆكى دەستەى باڵا بە پشتئەستوريى ئەو بەڵگەنامانەى لەماددەى بيستو يەكى ئەم ياسايەدا پێويستە.

**ماددەى بيستو سىٚ:**

١ــ دەستەی باڵا لەماوەی بیستو چوار سەعاتدا داوا یەكلایی دەكاتەوەو پاشان داواكاری پاڵێوەرو نوێنەری لیستی دیاریكراو لەبڕیارەكەی لەماوەی دووڕۆژدا ئاگادار دەكاتەوە.

٢ــ داواكاری پاڵێوەر دەتوانێت لەماوەی دووڕۆژدا لەمێژوی ئاگاداركردنەوەی لەبڕیارەكە، تانە لەبڕیاری دەستەی باڵا لەلای دادگای تێهەڵچوونەوەی كوردستان بدات .

٣ــ دادگای تێهەڵچوونەوە بەو سیفەتە تەمیزییەی هەیەتی بڕیارێكی یەكلاكەرەوە دەربارەی تانەكە لەماوەی دوو ڕۆژدا دەردەكات.

٤ــ وادادەنرێت پەیوەندارەكان ئاگاداركرابێتنەوە بەبڕیارە باس لێوەكراوەكانی سەرەوە لەمێژووی بڵاوكردنەوەیان لەناو بۆردی ئاگاداریەكانی ئەو لایەنەی دەریكردووە.

٥ــ دەستەی باڵا لەڕێگای هۆكارەكانی ڕاگەیاندنەوە لیستی پاڵێوراوەكان لانی كەم بەماوەی دوانزە ڕۆژ پێش كاتی دەنگدان بڵاودەكاتەوە، هەروەك لەو بۆردەدا كە بۆ ئەم مەبەستە لەهەر سەنتەرێكی هەڵبژاردنی ناو ناوچەكانی هەڵبژاردن ئامادەكراوە بڵاودەكاتەوە.

## بەشی حەوتەم

## پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن

### ماددەی بیستو چوار

پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن ئازادە لەسنوری یاساو سیستەمی گشتیو ئادابدا، بەمەرجێك بەرەی كوردستانی بنەمای هاوتایی لەهەلدا لەنێوان لیستە كێبەركێكارەكاندا دابین بكات.

### ماددەی بیستو پێنج:

پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن لەڕۆژی دوای بڵاوكردنەوەی لیستی ناوی پاڵێوراوانەوە دەست پێدەكاتو پێش چلو هەشت سەعات لەدەستپێكردنی پرۆسەی دەنگدان كۆتایی پێدێت.

## بەشی هەشتەم

## دەنگدان

### ماددەی بیستو شەش:

سەرۆكی لیژنەی سەنتەری هەڵبژاردنو ئەندامەكانی جگە لەدادوەرو جێگرانی داواكارە گشتیەكان بەر لەپراكتیزەكردنی ئەركەكانیان سوێندێك دەخۆن لەبەردەم لیژنەی ناوچەكەدا، كە بەم شێوەیەی خوارەوەیە :

"سوێند دەخۆم بەخوای گەورە كارەكەم بەراستگۆییو ئەمانەتو بێلایەنی جێبەجێبكەم"

### ماددەی بیستو حەوت:

دەستەی باڵا ڕێنماییو زانیاری پێویست دەردەكات تا لەڕێگایانەوە شێوەو قەبارەی سندوقەكانی دەنگدانو چۆنیەتی داخستنو كردنەوەیان دیاری بكرێت.

### ماددەی بیستو هەشت:

لیژنەی ناوچە هەڵدەستێت بەچاپ كردنی كارتەكانی دەنگدانو ئامادەكردنی سندوقەكان بەگوێرەی زانیاریو ڕێنماییەكانی دەستەی باڵا.

**ماددەی بیست و نۆ:**

١ــ دەنگدان بۆ هەڵبــژاردنی لیســتەکان لــەرێگای نوســینەوە دەبێــت لــەناو کــارتی هەڵبژاردنەکــەدا کەشــێوەو چۆنیەتی و پڕکردنەوەی بە بەیانێك دەبیت کەدەستەی باڵا دەریدەکات.

٢ــ ئەو دەنگدەرەی خوێندنەوەو نوسین نازانێت ،دەتوانێت داوا لە کەسێکی تر بکات کارتەکەی بۆ پڕ بکاتەوە.

٣ــ نوێنەرایەتی لەدەنگداندا قبوڵ ناکرێت.

**ماددەی سی:**

سەرۆکی لیژنەی سەنتەری هەڵبــژاردن پاراســتنی نیــزام لەســەنتەرەکەیدا دەگرێتــە ئەســتۆو، و دەتوانێــت ئــەو رێوشوێنانە بگرێتەبەر کەزەمانەتی باش بەڕێوەچونی هەڵبژاردنەکان و سەلامەتیان دەکات و نابێت هێزەکانی ناوخۆو چەکدارەکان بچنە ناو سەنتەرەکانی دەنگدانەوە تەنها لەسەر داوای سەرۆکی لیژنەکە نەبێت.

**ماددەی سی و یەك:**

لیژنەی سەنتەر لەهەر نارازی نامەیەك دەکۆڵێتەوەکە پێشکەشی دەکرێت سەبارەت بە پرۆسەی هەڵبژاردن و بەبڕیارێکی هۆدار لەکۆنوسێکی تایبەتدا جێگیر دەکرێت.

**ماددەی سی و دوو:**

پرۆسەی دەنگدان لەسەعات هەشتی بەیانی دەست پێدەکات و لەسەعات هەشتی ئێوارە کۆتایی پێــدێت و دەســتەی باڵا دەتوانێت بە بەیانێك کاتی تر دیاری بکات کە لەو کاتژمێرانە تێپەڕ نەکات بۆ دەنگدان دانرابوون.

**ماددەی سی و سێ:**

لەگەڵ تەواو بوونی کاتی دیاریکراوی دەنگداندا، سەرۆکی لیژنەی سەنتەرەکە کۆتایی هاتنی پرۆســەی دەنگــدان رادەگەیەنێت و لەکۆنوسی هەڵبژاردندا جێگیری دەکات و سندوقەکان دەکرێنەوەو دەنگەکان بەشێوەیەکی ئاشکرا جیــا دەکرێنەوە بەئامادە بوونی نوێنەری لیستە کێبەرکێکارەکان.

**ماددەی سی و چوار:**

ئەم کارتانەی خوارەوە بە پوچەڵ دادەنرێن:

١ــ کارتی مۆر نەکراو بە مۆری لیژنەی سەنتەرەکە.

٢ــ کارتی هێمانەکراو بۆ هیچ لیستێکی پاڵێوراوان یان ئەو کارتانەی سەرلێتێکدانی پێوە دیارە بۆ هەڵبــژاردنی یەکێ لەلیستەکان.

**ماددەی سی و پێنج:**

١ــ لیژنەی سەنتەرەکان هەڵدەستن بەئامادەکردنی کۆنووسی واژۆکراو لەسەر ئە نجامەکانی دەنگــدان و دەیخەنــە زەرفی داخراوو مۆرکراو بەمۆری سەنتەرەکەو دەیدەنە لیژنەی ناوچەکە.

٢ــ لیژنەی ناوچەکان دوای کۆکردنەوەی ئە نجامەکان و بەڵگەنامەکانی سەنتەرەکان، هەڵدەستن بــەئامادەکردنی کۆنوسی واژۆکراوو مۆرکراو بەمۆری لیژنەکەیان و دەیدەنە دەستەی باڵا.

**ماددەی سی و شەش:**

١ــ کۆی دەنگی دەنگدەران دابەشی کورسیەکان دەکرێت بۆ دەرهێنانی تێکڕای هەڵبژاردن.

٢ـــ سـەرجەمی ئـەو دەنگانـەی هـەر لیسـتێك بەدەسـتی هێنـاوە دابەشـی تێكـڕای هەڵبـژاردن دەكرێـت بـۆ دەستنیشانكردنی ژمارەی ئەو كورسیانەی هەر لیستێكی دیاریكراو بەدەسـتی هێنـاوە لەگـەڵ ڕەچـاوكردنی ئـەم دوو خاڵەی لای خوارەوە.

٣ـــ هەر لیستێك ٧٪ی دەنگی دەنگـدەرانی بەدەست نـەهێنابێت نوێنـەری نابێـت لەئە نجومەنـداو دەنگـەكانی دابەشدەكرێت بەسەر ئەو لیستانەی سەركەوتنیان بەدەست هێناوە بەگوێرەی ڕێژەی سەركەوتنەكانیان.

٤ـــ ئەو كورسیە بەتالانەی كە بەهۆی بونی ماوە ( باقی ) ئەوتۆوە كەناگەنە تێكڕای هەڵبژاردن بە بەتاڵی دەمێننەوە، بەشێوەی یەك لەدوای یەك دەدرینە ئەو لیستانەی كەگەورەترین ماوەیان هەیە.

**ماددەی سیو حەوت:**

١. لیژنەی باڵا ڕێژەی سەدیو ئەو كورسیانەی هەر لیستێك بەدەستی هێناوە بلاودەكاتەوە.

٢. هەڵبژاردنی سەركەوتوانی ناو پاڵێوراوان بۆ ئەو لایەنە جێدەهێڵرێت كەخاوەنی لیستەكەیەو بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

أ- یەك لە دوای یەك

ب- دەستنیشانكردن

ج- قورعە

٤ـــ دەستەی باڵا ناوی سەركەوتوان بۆ ئەندامێتی ئە نجومەنی نیشتمانی كوردستانی عیراق بلاودەكاتەوە.

**ماددەی سی وهەشتەم:**

دەستەی باڵا بۆ هەیە هەڵبژاردنی هەر مەڵبەندێكی هەڵبژاردن هەڵوەشێنێتەوە ئەگەر دەركەوت غەش یا فێڵی تێدا كراوە وكاردەكاتە سەر ئە نجامەكانی هەڵبژاردن

## دەروازی سێیەم

## ئەندامێتی لە ئە نجومەندا

## بەشی یەكەم

## حەصانەكانو پاداشتەكان

**ماددەی سیو نۆ:**

پرسـیار لەئەنـدام ناكرێـت دەربـارەی ئـەو بیروراكانـەی دەیـدات یـان ئـەو واقعانـەی دەریـدەخات لـەكاتی پراكتیزەكردنی كارەكەی لەئە نجومەندا.

**ماددەی چل:**

١ـــ نابێت هیچ ئەندامێكی ئە نجومـەن مولاحەقـە بكرێـت یـان بگیرێـت بـەهۆی تـاوانێكـەوە لـەكاتی بەسـتنی خولەكانی ئە نجومەندا بەبێ ڕێپێدانی ئە نجومەن تەنها لەو بارەدا نـەبێت كـە بەسـەر ئە نجامـدانی تاوانەكـەوە دەگیرێت.

٢ــ نابێت هیچ ئەندامێکی ئه نجومەن مولاحەقە بکرێت یان بگیرێت لەدەرەوەی خولەکانی ئه نجومەن بەهۆی تاوانێکەوە بەبێ رێپێدانی سەرۆکی ئه نجومەن تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێت کەبەسەر ئه نجامدانی تاوانەکەوە دەگیرێت.

**ماددەی چل و یەك:**

هەر یەك لەسەرۆکی ئه نجومەن و جێگرەکەی و سکرتێرەکەی و ئەندامەکانی پاداشتێکی مانگانە وەردەگرن کە لەلایەن ئه نجومەنەوە دیاری دەکرێت.

**ماددەی چل و دوو:**

١ــ خزمەتی ئەندامی ئه نجومەن بەمەبەستی سەرموچەی ساڵانەو بەرزکردنەوەو خانەنشینکردن ئەژمار دەکرێت.

٢ــ ئەگەر یەکێك لەئەندامانی ئه نجومەن گیانی لەدەست دا لەکاتی ئه نجامدانی خزمەتدا یان بەو هۆیەوە، ئەوا موچەیەکی خانەنشینی بۆ خێزانەکەی دەبڕدرێتەوە کەئه نجومەن دەستنیشانی دەکات.

## بەشی دووەم

## کۆتایی هاتن بەئەندامێتی

**ماددەی چل و سێ:**

کۆتایی بە ئەندامێتی لەئه نجومەندا دێت لەیەکێك لەم بارانەی خوارەوەدا:

١ــ کۆتایی هاتن بەماوەی ئه نجومەنەکە یان هەڵوەشانەوەی.

٢ــ دەست لەکارکێشانەوەی ئەندام و بەجێبجێکراو دادەنرێت لەمێژووی قبوڵکردنیەوە لەلایەن ئه نجومەنەوەو بەدەنگی زۆرینەی ئامادەبووان.

٣ــ نەمانی یەکێك لەمەرجەکانی ئەندامێتی ئه نجومەن، کەئه نجومەن بەزۆرینەی سێیەکی ئەندامانی ئامادەبوو بڕیاری لەسەر دەدات.

٤ــ ئامادە نەبوونی ئەندامێك لەسێ دانیشتنی یەك لەدوای یەکی ئه نجومەندا بەبێ بونی پاساوێکی مەشروع.

٥ــ مردنی ئەندام.

**ماددەی چل و چوار:**

ئەگەر یەکێك لە کورسیەکانی ئه نجومەن بەتاڵ بوو ئەوا پاڵێوراوێکی تری هەمان لیست دەخرێتە شوێنی کە لەلایەن ئەو لایەنەوە هەڵدەبژێردرێت کەخاوەنی لیستەکەیە بەگوێرەی برگەی ( ٢ ) لەماددەی سیو حەوتی ئەم یاسایە.

## دەروازەی چوارەم

## بەڕێوەچونی کارەکان لەئه نجومەندا

**ماددەی چل و پێنج:**

ئەجومەن لەهەولێر دانیشتنەکانی خۆی دەبەستێت و لەکاتی پێویستدا دەشێت هەر جێگایەکی تر هەڵبژێرێت.

**ماددەی چل و شەش:**

ئه نجومەن یەکەمین کۆبونەوەی خۆی لەسەعات دەی دەیەمین رۆژی بڵاوکردنەوەی ئه نجامەکانی هەڵبژاردن، دەبەستێت.

**ماددەی چل و حەوت:**

ئە نجومەن یەکەمین کۆبونەوەی خۆی بەسەرۆکایەتی پیرترین ئەندام دەبەستێت و ئەندامان ئەم سوێندە دەخۆن:
"سوێند دەخۆم بەخوای گەورە پارێزگاری بکەم لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عیراق و بەرژەوەندیە باڵاکانی"

**ماددەی چل و هەشت:**

ئە نجومەن لەدانیشتنی یەکەمیدا بەرێگای دەنگدانی نهێنی سەرۆك و جێگری سەرۆك و سکرتێر بەزۆرینەی رەهای ئەندامانی هەڵدەبژێرێت.

**ماددەی چل و نۆ:**

١ــ ئە نجومەن لەدانیشتنی یەکەمیدا کاتی خولەکانی کۆبونەوەکانی دەستنیشان دەکات بەمەرجێك لەساڵێکدا لەدوو خول کەمتر نەبێت.

٢ــ سەرۆکی ئە نجومەن یان چارەکی ژمارەی ئەندامانی ئە نجومەن بۆیان هەیە بانگێشتی بەستنی دانیشتنێکی نائاسایی بکەن و کۆبونەوەکە لەم بارەدا تایبەت دەبێت بەسەیرکردنی ئەو بابەتە دیاریکراوانەی بانگێشتەکەی لەسەرکراوە.

٣ــ سەرۆکی ئە نجومەن دەتوانێت داوای بەستنی دانیشتنێکی نائاسایی بکات لەسەر داوای سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەکاتی پێویستدا.

**ماددەی پە نجا:**

١ــ دانیشتنەکانی ئە نجومەن راست نابن تەنها بەئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی نەبێت، وبڕیارەکانی ئە نجومەن بەزۆرینەی رەهای ئامادەبووان وەردەگیرێت، تەنها لەو بارانەدا نەبێت کەزۆرینەیەکی تایبەتی دەوێت و لەکاتی یەکسان بوونی بیروراکاندا دەنگی سەرۆك یەکلاکەرەوە دەبێت.
٢ــ دەنگدان لەسەر پرۆژەی یاساکان ماددە بەماددە بەرێوە دەچێت.

**ماددەی پە نجاو یەك:**

ماوەی ئە نجومەن سێ ساڵەو لەیەکەمین دانیشتنیەوە دەست پێدەکات و بەکۆتایی هاتنی دواکۆبونەوەی ساڵی سێیەمی کۆتایی دێت.

**ماددەی پە نجاو دوو:**

دانیشتنەکانی ئە نجومەن ئاشکرایەو دەشێت نهێنی بن لەسەر داوای سەرۆکی ئە نجومەن یان ژمارەیەك کە لەچارەکی ژمارەی ئەندامان کەمتر نەبێت و بەرەزامەندی زۆرینەی ئامادەبوان.

**ماددەی پە نجاو سێ:**

بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردنی دروست بوو لەئە نجومەن یان بۆ دە لەئەندامانی هەیە پرۆژەی یاساکان پێشنیار بکەن و پرۆژەی یاسا سەیر ناکرێت بەر لەبینینی لەلایەن لیژنەی تایبە تمەندەوەو هەر پرۆژەیەك ئە نجومەن رەتیکردەوە جارێکی تر لەماوەی هەمان ئەو خولەی دانیشتنەکاندا ناخرێتەوە بەردەمی.

## ماددەی پەنجاو چوار:

١ــ هەموو ئەندامێکی ئەنجومەن بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن دەتوانێت پرسیارو لێپرسینەوە بەرامبەر ئەندامانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکات سەبارەت بەو بابەتانەی دەچنە چوارچێوەی ئەرك و دەسەڵاتەکانیان و دەبێت وەڵامیان بدرێتەوە لەماوەی حەوت رۆژدا لەرۆژی ئاگادارکردنەوەیان و گەر پێویستی کرد گفتوگۆکردن لەسەر بابەتی لێپرسینەوەکە لەناو ئەنجومەندا جێبەجێ‌دەکرێت.

٢ــ بۆ چارەکی ئەندامانی ئەنجومەن هەیە داوایەکی هۆدار پێشکەش بکەن سەبارەت بەوەرگرتنەوەی متمانە لەدەسەڵاتی جێبەجێکردن یان یەکێك لەئەندامانی، ئەنجومەن گفتوگۆ لەسەر ئەو داوایە ناکات دوای تێپەڕبوونی حەوت رۆژ بەسەریدا نەبێت و دەنگی لەسەر دەدرێت پاش ئەوەی دوو رۆژ بەتەواوی گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

٣ــ ئەگەر ئەنجومەن بڕیاریدا متمانە لەدەسەڵاتی جێبەجێکردن یان لەسەرۆکەکەی وەرگرێتەوە ئەوا دەبێت یەکسەر دەست لەکارکێشانەوەکەی پێشکەش بکات.

## ماددەی پەنجاو پێنج:

سەرۆکی ئەنجومەن یان ئەوەی نوێنەرایەتی دەکات پاراستنی نیزام لەناو ئەنجومەندا دەگرێتە ئەستۆ.

# دەروازی پێنجەم

# ئەرك و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەن

## ماددەی پەنجاو شەش:

ئەنجومەن ئەم ئەرك و دەسەڵاتانەی خوارەوە پراکتیزە دەکات:

١. یاسا دانان.

٢. بڕیاردان لەسەر پەیماننامەکان و مەسەلە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستانی عیراق و دیاریکردنی پەیوەندی یاسایی لەگەڵ دەسەڵاتی نێوەندیدا.

٣. دەست نیشان کردنی سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە لەدەسەڵاتی دایە ئەندامانی دەسەڵاتەکەی لەنێوان ئەندامانی ئەنجوومەن یان لەکەسانی تر دەست نیشان بکات.

٤. متمانە پێدان و وەرگرتنەوەی متمانە لەدەسەڵاتی جێبەجێکردن.

٥. بڕیاردان لەسەر بودجەی گشتی و پلانەکانی پەرەسەندن.

٦. چاودێری کردنی کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

٧. پێکهێنانی لیژنە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەهەر مەسەلەیەك پێی باش بێت.

٨. دانانی پەیڕەوی ناوخۆ بۆ خۆی و دیاریکردنی بودجەو میلاکەکانی و دامەزراندنی فەرمانبەرانی.

٩. پێکهێنانی لیژنەی هەمیشەیی و کاتی لەئەندامەکانی بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ.

١٠. دانانی بنەماکانی تاوانباری و دادگایی کردنی )ئەندامان لەحاڵەتی لادانیان لەو سوێندەی خواردوویانە.

١١. شیکردنەوەی ئەو تانانەی پێشکەشی دەکرێت سەبارەت بەراستی هەڵبژاردنی ئەندامان و ئەندامێتی هیچ ئەندامێك پوچەڵ ناکرێتەوە تەنها بەبڕیارێك کەزۆرینەی سێیەکی ئامادەبوان دەریدەکەن.

# دەروازەی شەشەم

## تاوانەکانی هەڵبژاردن

**ماددەی پەنجاو حەوت:**

سزا دەدرێت بەبەندکردن هەرکەسێك کە:

١ــ دەنگدەرانی بە پارە هەڵخەڵەتاندبێت یان رێگای فێڵو توندوتیژی بەکارهێنابێت بۆ هەڵبژاردنی کەسێك یان رێگەگرتن لەهەڵبژاردنی.

٢ــ سندوقی دزی بێت یان دەستدرێژی کردبێتە سەر سندوق یان لەکاری خستبێت یان ئەوکارانەی بەکارتەکانی دەنگدان کردبێت یان بەهۆی بەرپێگرتنیەوە تاوانی ئەنجامدابێت، ئەمانەهەمووی دەکەوێتە ژێر رکێفی یاسای سزادانەوە.

٣ــ چەند جارێك ناوی لەخشتەی هەڵبژاردندا بەئەنقەست تۆمارکردبێت.

٤ــ چەندجارێك دەنگی دابێت.

٥ــ لیستێکی جیاوازی لەو لیستە نوسیبێت کە لەلایەن دەنگدەرەوە داوای لێکراوە..

٦ــ رێگای لەدەنگدانی دەنگدەرێك گرتبێت بەهەر رێگایەك.

٧ــ رێگای لەبەرێوە چونی هەڵبژاردنەکان گرتبێت یان بەربەستی بۆ دانابێت.

٨ــ ساختەکاری کردبێت لەکاتی جیاکردنەوەی دەنگەکاندا.

٩ــ سەرپێچی لەئەحکامەکانی پەیوەستدار بە پروپاگەندەی هەڵبژاردن کردبێت.

## دەروازەی حەوتەم

## ئەحکامی موتەفەریقە

**ماددەی چەنجاو هەشت:**

هیچ چەکدارێك یان هێزێکی چەکدار بۆی نییە بچێتە ناو ئەنجومەنەوە،وە یان نزیك دەرگاکانی بمێنێتەوە تەنها لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجومەن نەبێت.

**ماددەی پەنجاو نۆ:**

ئەو داوایانەی لەسەر هەڵبژاردنەکان پێشکەش دەکرێن دوای تێپەڕبوونی سێمانگ بەسەر تەواوبونی هەڵبژاردنەکان، گوێیان لێناگیرێت.

**ماددەی شەست:**

یاسا دەرکراوەکانی ئەنجومەن لەرۆژنامەیەکی تایبەتدا بڵاودەکرێنەوە کەئەنجومەن دەریدەکات و بەجێبەجێکراو دادەنرێت لەرۆژی بڵاوکردنەوەیانەوە گەر هیچ مێژوویەکی تر بۆ جێبەجێکردنی دانەنرابێت.

**ماددەی شەستو یەك:**

ئەم یاسایە بەجێبەجێکراو دادەنرێت لەرۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لەرۆژنامەی بەرەی کوردستانیدا...

**دەرکرا لەرۆژی چوارشەممەی رێکەوتی ١٩٩٢/٤/٨ی زاینی بەرامبەر بە ١٩/نەورۆزی/٢٦٩٢ی کوردی**

**سەرکرایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی**

| | | |
|---|---|---|
| جەلال تاڵەبانی | یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان | |
| مەسعود بارزانی | پارتی دیموکراتی کوردستان | |
| عەبدوڵلا ئاگرین | پارتی سۆسیالیستی کوردستان( پاسۆك ) | |
| رەسول مامەند | پارتی سۆسیالیست لەکوردستانی عیراق | |
| عەزیز محەمەد | حزبی شیوعی کوردستان | |
| سامی عەبدولرەحمان | پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان | |
| قادر عەزیز | حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان | |
| یەعقوب یوسف | بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری | |

**هۆیەکانی دەرچواندنی ئەم یاسایە**

حکومەتی عێراق ، لەم دواییەدا کارێکی ئەوتۆی کرد کە لە مەوبەر شتی وا رووی نەداوە ، ئەوەبوو بڕیاری دا ئیدارەکانی خۆی ( دایەرەوفرمانبەران ) لە ناوچەی کوردستان بکێشیتەوە، بەمەش بۆشاییەکی حکومی و یاسا کاریی بێ وینە ی نایەوە و، بەرەی کوردستانی کە لە گەڵیدا لە دانوستاندا بوو خستە بەردەم بارودۆخیچکی ئاڵۆزو ئەزموونێکی گران ، چونکە هەر کۆمەڵگەیەك ئادەمیزادی تێدا بێت ، ناچار پێویستە کاروباری رێك بخرێ بۆ ئەوەی یاسا، سەروەر بێ و عەدالەت بەرپابێ و ، خۆراك و دەرمان دەسەبەربێ و ، ئاسایش و ماف و مولچك و ماڵ و ئازادی و ژیان و حورمەتی هاولاتیان پارێزراو بێت . ئەمانەش بە کۆششی تەنیا کەس ( الفردی ) زامن ناکریچن ململانێ و ئاژاوەی لێ پەیدا دەبێ . ئەم دۆخە پێویستی بە کۆششی هاوبەشە بۆ رێکخستن و بەرێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگە و داسە پاندنی حوکمی یاساو عەدالەت ، ئەمەش لە رێگای نوێنەرانی گەلەوە دێتە دەست .

ئادەمیزاد ، هەر لە کۆنەوە دانی بە دیموکراتیدا ناوە، کە شیوازێکی چاکی دەربڕینی ئاوات و ئومێدی داو رۆژ راو بۆ چوونی کۆمەڵ و هەڵبژاردنی نوێنەری خۆیەتی کە حوکم وئیدارە بگریتە ئەستۆ ئەم پڕەنسیپە سەلماندوویەتی کە بۆ کار پێکردن چاکەو ، شایەنی ئەزمونەو، هیچ پرنسیپێکیش بە درێژایی چاخەکانی میژوو بە قەدەر پێرۆی دیموکراتی خۆراگر نەبووە، تا وای لێ هات ، بوو بە رێساو رچەی جیهانی ئەمرۆ، ئەم جیهانەی کە لا پەرەکانی رژێمی دیکتاتۆریی تێدا دە پێچرێتەوە ، پایەکانی سیستەمێکی جیهانیی نوێی لە جێ دادەمەزرێ کە لەسەر دوو کوچکەی بنچینەیی راگیرین، ئەمانەن: ( دیموکراتی و، رێزنان لە ماف و ئازادییەکانی ئادەمیزاد ( مرۆڤ ) ) .

بەرەی کوردستانی ، کە خۆی دەستەلاچتی واقیعی گۆڕەپانەکەیە ( Defacto ) کە و تە خۆ و ، شانی دایە بەر ئەو ئەزموونە سەخت و گرانە، کە حکومەتی عێراق ، بۆی بە جێ هیشت ، لەبەر ئەوە، بەرەی کوردستان بڕیاری دا کە بە گیانێکی سەردەمیانە، شان بداتە بەر ئەو ئەرکانەو ، بە کردەوە پێگەیەنێتە .

واقیعی ئەم ژیانەی ئێستای کوردستان _ عێراق. لەم پێناوەشدا، هەنگاوی یەکەم لەم کاروانەدا ئەوەیە کە ئەم کۆمڵکایە پا هەڵگرێ و بگاتە کاروانی جیهانی خاوەن شارستانی بۆ زامنکردنی ئەوەی کە بناغەی لەسەر دوو کوچکەی

دیموکراتی و ڕێزلێنان لە ماف و ئازادییەکانی ئادەمیزاد دا مەزرێنێ کەبەڵگەنامەو ڕێساکانی نێو دەوڵەتی بنیاتیان ناوە، هەروەها بۆ ئەوەش بە جیهانی بسەلمێنین کە گەلی کوردستان_عێراق دەتوانێ کارو باری خۆی بە پێی ئەو پرەنسیپانەی کە جیهانی ئەمڕۆ دانی پێداناوە هەڵسوڕێنێ و بەڕێوەی ببات.

بەرەی کوردستانی، لەساڵی( ١٩٨٨ )دا بە پێی پێڕۆی ناو خۆی بڕیاری وابوو ئە نجومەنێکی نیشتمانی کوردستانیی پێکەوە بنێ، ڕاو ئارەزووی گەلی کوردستان دەر ببڕێ و کلیلی چارەنوسی بۆ بدۆزرێتەوە ،بەلاّم بارو دۆخ نەڕەخسا کە ئەو بڕیارەی لە زەمینەی واقعیدا بە کردار جێبەجێ بکات تەنیا لەو دووساڵەی بەر لە بەر خودانە شکۆمەندەکەی بەهاری ساڵی ( ١٩٩١ )دانەبێ، دوای ئەوەش هەر بۆی نەکرا، لەبەر ئەو کارەساتە یەك لە دوا یەکانەی کە لەسەر یەك وبە خێرایی دەقەومان و ،کۆڕەوە گشتییەمێژوویەکەشی بەسەردا هات و، ئەو دانوستانەش لەگەڵ حکومەتی عێراقدا کە بوو بەریشیمانەوە، تا ئێستاش هیچ ئاواتێکی بەرەی کوردستان بۆ وەدیهێنانی داخوازیەکانی گەلی کوردستان _عێراقی وەدەست نەهێنا ئەوە بوو حکومەتی عێراق کوتە فرۆفێڵ و دەستخەڕۆ کردنمان و ،لەو بەڵێنانەش پەشیمان دەبۆوە وە کە لە سەرەتای دانوستانەکاندا پێمانی دابوو ،وێڕای ئەوەش فشاری هەمە جۆری سەربازی و ئابوری و دارایی و ئیداری و دەروونی خستە سەر کوردو کوردستان و، لە کەمترین حورمەت و مافی مرۆڤ کە لە جیهانی شارستانی دا، ئاساییەو دانی پێدانراوە لای داو پشت گوێی خست ، لەبەر هەموو ئەوانەو، لەبەر ئەوەش کە پێڕۆی دیموکراتی بریتیە لە حوکم و فەرمانڕانیی گەل و بەڕێوە بردنی کارو باری گەل لە ڕێگای نوێنەرانەوە کە خۆی بە شێوەیەکی ئازاد هەڵیانبژێرەێ و، هەموو دەسەلاّتێکیان پێدەسپێرێ کە بە زنجیرە ڕێکارێك حوکمی یاسا بەرپا بکەن و کۆمەڵی دەزگاو ڕێکخراوی پسپۆڕو تایبە تمەندی لێبێتەدی و. بە پێی پرەنسیپی جیاکردنەوەی هەرسێ دەسەلاّتی تەشریعی و جێبەجێکاری و دادوەری، بۆشایی یاسایی پڕبکەنەوەو، ئیدارەی کاروباری کوردستان_عێراق پێکەوە بنێن و ، جۆری پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی دەست نیشان بکەن... لەو هەموو نیشانەش بە هەڵبژاردنێکی ئازاد و یەکەو ڕاست و دیموکراتی نەبێ ناکرێ و نایەتەدی، جا بۆ وەدیهێنانی ئەو ئاوات و ئامانجانەی گەلی کوردستان_عێراق ، ئەم یاسایە تەشریع کرا.

سەرکردایەتی سیاسیی بەرەی کوردستانی ١٩٩٢/٤/٨ز ڕێکەوتی ( ١٩ )ی
نەورۆزی ساڵی ٢٦٩٢ی کوردی

## پاشکۆی/دووەم

**یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٤**

**یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بەناوی گەل**

**ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق**

**ژمارەی بڕیار:٣٤**

**مێژووی بڕیار:١٩٩٤/١٢/١٤**

**بڕیار**

**بەپشتبەستن بەئەحکامی بڕگەی (١) لە ماددەی پەنجاو شەشی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢و بەگوێرەی ئەو پێشنیارەی ژمارەیەکی یاسایی لەئەندامانی ئەنجومەن پێشنیاریان کردووە، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق لەدانیشتنی (١٦)ی رۆژی ١٩٩٤/١٢/١٤دا بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:**

**یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٤**

**یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢**

**ماددەی یەکەم:**

**ماددەی چل و چواری یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

**ئەگەر یەکێك لەکورسیەکانی ئەنجومەن بەتاڵ بوو ئەوا پاڵێوراوێکی تری هەمان لیست دەچێتە جێگای ئەندامەکەی پێشوو، کە لەلایەن ئەو لایەنەی خاوەنی لیستەکەیە هەڵدەبژێردرێت و بەگوێرەی ئەوەی لەبڕگەی(٢)ی ماددەی سی و حەوتی ئەم یاسایەدا هاتووە.**

**ماددەی دووەم:**

**کار بەهیچ دەقێکی تری پێچەوانەی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە ناکرێت.**

**ماددەی سێهەم:**

ئەم یاسایە کاری پێدەکرێت لەرۆژی دەرچونیەوەو لەرۆژنامەی رەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

جەوهەر نامیق سالم

پاشکۆی ( سێیەم )

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەل

ئە نجومەنی نیشتمانی کوردستان-عێراق

ژمارەی بڕیار ١٣

رۆژ١٩٩٨/٤/٢٩

بڕیار

پشت بەو دەسەڵاتەی کە پێی برگەی( ٣ )ی ماددەی دووەم لە یاسای ژمارە( ١٠ )ی ساڵی١٩٩٧ دا پیێمان دراوەو لەسەر ئەو بنەمایە کە ئە نجومەنی نیشتمانی کوردستان-عێراق لە دانیشتنی ژمارە( ١١ ) ی ڕۆژی ١٩٩٨/٤/٢٦ دا یاساکاری کردووەو ئەم بڕیارەمان دەرهێنا.

یاسایژمارە( ٥ )ی ساڵی١٩٩٨

( یاسای دووەم هەموارکردنی یاسای ژمارە( ١ )ی ساڵی١٩٩٢ )

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی چوارەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

١- ئەندامیەتی ئە نجومەن وئەندامیەتی فەرمان گشتیەکان پێکەوە کۆناکرێتەوە،فەرمانبەری گشتی بە دەست لە کار کێشراوە حسێب دەکریێ لەو ڕۆژەوە ی کە لەبەرامبەر ئە نجومەندا سوێند دەخوا،لەسەریەتی کە سکرتاریەتی ئە نجومەن لە هەڵوێستی فەرمانبەرایەتیەکەی ئاگادار بکاتەوە.

٢- نابێ ئەندامیەتی ئە نجومەن وئەندامیتی لە یەکێك لە ئە نجومەنە هەڵبژێردراوە پەیوەندارەکان بە فەرمانگە و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم کۆبکرێتەوە،ئەندام لە سەریەتی کە یەکێك لەو ئە نجومەنانە هەڵبژێرێ لە ماوەی هەشت ڕۆژ لە جاردانی ئە نجامەکانی هەڵبژاردن،ئەگەر وای نەکرد بە هەڵبژاردەی ئەم ئە نجومەنە حسێب دەکریێ و ئە نجومەنیش بەمە ئاگادار دەکرێتەوە.

**ماددەی دووەم:**

بڕگەی یەکەم لە ماددەی پە نجا هەموار دەکریێ و بەم شێوەیەی خوارەو دەخوێندرێتەوە:

دانیشتنی ئە نجومەن یاسایی نابێت ئەگەر زۆرینەی ئەندامەکانی ئامادەنەبن،ئە نجومەن بڕیارەکانی بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەکانی دەدا،لەو بارانەدا نەبێ کە زۆرینەی تایبەتی پێویستە ،بەگوێرەی یاسا،لەکاتی یەکسان بوونی دەنگەکانیش دا بەلای دەنگی سەرۆکدا دادەلەنگێ.

**ماددەی سێەم:**

ماددەی پە نجاو یەك هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

ماوەی ئە نجومەن چوار ساڵە،لە یەکەم دانشتنیەوە دەست پێدەکات وبە بەدواین دانیشتن لە ساڵی چوارەم دا دوماهی پێدێت.

**ماددەی چوارەم:**

ماددەی پێنجەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

هەموو ئەندامانی ئەنجومەن بۆ کاری ئەنجومەن خۆیان تەرخان کردووە ئەنجامدانی ئیش وکاری حزبایەتی یان نیقابی یان رێکخراوە جەماوەرییەکان بە ئەنجامدانی وەزیفە یا دەست رەنگینی یان پیشەیی حسێب ناکرێ و لەگەڵ مەبەستی ئەم یاسایە دا هاو دژ نیە.

ماددەی پێنجەم:

ئەم یاسایە لە مێژووی دەرچونیەوە جێ بە جێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕسمی دا پەخش دەکرێ .

جوهر نامق سالم

سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان-عێراق

پاشکۆی ( چوارەم )

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەل

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان-عێراق

ژمارەی دەرهێنان:٤٧

ڕۆژی دەر هێنان:٢٠٠٤/١١/٢١

پشت بەستن بە حوکمی بڕگەی (١)ی ماددەی(٥٣)لە یاسای ژمارە(١)ی هەموار کراویساڵی(١٩٩٢)و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان-عێراق و لەسەر ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەن لە دانیشتنی ژمارە(٥٤)ی ڕۆژی (٢٠٠٤/١١/٢٠)دا ئەنجامی داوەو بە پێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگەی (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە ،بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای ژمارە( ٤٧ )ی ساڵی ٢٠٠٤**

**یاسای سێیەم هەموارکردنی یاسای ژمارە( ١ )ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ ی هەڵبژاردنی ئە نجومەنی نیشتمانیی کوردستان-عێراق**

**ماددەی یەکەم:**

**ماددەی یەکەم هەموار دەکرێ و،بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

**( ماددەی یەکەم:ئە نجومەنی نیشتمانیی کوردستان –عێراق لە ( ١١١ )سەو یازدە ئەندام پێکدێت )**

**ماددەی دووەم:**

**ماددەی شەشەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

**( ماددەی شەشەم:بە پێی یاسایێ ،هەیئەتێکی باڵای سەربەخۆ،بۆ سەر پەرشتی هەڵبژاردنەکان و هەڵسوڕاندنی چالاکیەکانی هەڵبژارن،لە هەرێمی کوردستان –عێراق ، پێکدەهێنرێ،ئەم هەیئەتە لیستەکانی هەڵبژێرەران ئامادە دەکاو،مەرکەزەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمدا دیار دەکاو،رێنمایی پێویستیش بۆ ساناکردنی ڕەوشی هەڵبژاردنەکان و ناوزەدکردنی سەرۆکان و ئەندامانی لیژنە گەلی مەرکەزەکانی هەڵبژاردن ،دەردەهێنێ )**

**ماددەی سێیەم:**

**ماددەی حەوتەم هەموار دەکرێ و،بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

**( هەیئەتی باڵای سەربەخۆ کە سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی ئە نجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق دەکات،بۆی هەیە، شێوەو شێوازی سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان لە چوارچێوەی یەکە ئیدارییەکاندا دیاربکاو ،لیژنە گەلی مەرکەزەکانی هەڵبژاردنیش پێکبهێنێ )**

**ماددەی چوارەم:**

**ماددەی نۆیەم ئیلغا دەکرێ و،ئەمەی خوارەوە دێتە جێی :**

**( هەرێمی کوردستان –عێراق بە یەك ناوچەی هەڵبژاردن لە قەلەم دەدرێ و،دابەش دەکرێ بەسەر مەرکەزگەلی هەڵبژاردندا )**

**ماددەی پێنجەم:**

**ماددەی دەیەم لە یاساکە ئیلغا دەکرێ.**

**ماددەی شەشەم:**

**ماددەی دوازدەم لە یاساکە هەموار دەکرێ و،بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

**( لە پازدە ڕۆژی پاش تەواو بوونی ماوەی ئە نجومەن ،یان کاتی خۆی بەبڕیاری ،خۆی هەڵوەشێنێتەوە،وادەی هەڵبژاردن بە بڕیاری سەرۆکی هەرێم دیار دەکرێ، و لە ڕێگاکانی ڕاگەیاندنەوە،بەسەر هاووڵاتیاندا ،بەر لە وادەی دیارکراو ،بە ماوەیەك بڵاو دەکرێتەوە لە مانگێك کەمتر نەبێت )**

**ماددەی حەوتەم:**

**ماددەی پازدە هەموار دەکرێ و،بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

( لیستەکانی ناوی دەنگدەران ،بۆ هەرێمی کوردستان ،بە پێی مەرکەزەکانی هەڵبژاردن ئامادە دەکرێن و بە پێی پیتی ئە بجەدی ریز دەکرێ و پیشەو ناونیشان و بەرواری شوێنی لە دایك بوونی تێدا دەنوسرێ ،ئەگەر ئەوەش نەلوا ، ئەوە لەو بارەدا

هەیئەی باڵا بۆی هەیە ،رێگایەکی دیکە ی لەبار بۆ وەدەستهێنانی ئەم مەبەستە بدۆزێتەوە )

**ماددەی هەشتەم:**

ماددەی شازدە هەموار دەکرێ و،بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

( هەیئەی باڵا،دابەشکردنی لیستەکان، بەسەر مەرکەزەکانی هەڵبژاردندا،لە هەرێمدا دەگرێتە ئەستۆی خۆی و،بە لەوحەگەلێکدا ،کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادە دەکرێن و چەسپ دەکرێن ،تا هاووڵاتیان بتوانن هەر هیچ نەبێ پێش پازدە ڕۆژ لەوادەی دەنگدان ،لیستەکان ببینن ، بەمەرجێکیش مۆری هەیئەی باڵایان لێدرابێ و بەرواری ئیعلانکردنەکەشی پێوە دیاربێ، لەگەڵ ڕەچاوکردنی دەقی ماددەی پازدە )

**ماددەی نۆیەم:**

بڕگە( ٢ ) لەماددەی هەژدە هەموار دەکرێ و،بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

( ٢-داواکە لە گەڵ ڕای لیژنەی مەرکەزی پێوەندیداری هەڵبژاردن ، پێشکەش بە هەیئەی باڵا دەکرێ و، هەیئەی باڵاش لە ماوەیەکدا، لە سێ ڕۆژ نەترازێ، کەلە ڕۆژی پێشکەشکردنی داواکەوە دەست پێ دەکا،سەیری دەکاو یەکلایی دەکاتەوە )

**ماددەی دەیەم:**

بڕگە( ١ ) لەماددەی بیست ودووی یاساکە هەموار دەکرێ و،بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

( هەر حیزبێ،یا هەر گروپێ لە کوردستاندا ،بۆی هەیە لیستێکی تایبەت بە خۆی پێشکەش بکات ناوی پالێوراوەکانی خۆی ،لە چوارچێوەی کوردستانی عێراقدا تێدا بێت،بەمەرجێ ڕێژەی ئافرەتی تێدا بێ ،لە ( ٢٥٪ )کەمتر نەبێ و،ناوی پاڵێوراوەکانیش بە جۆرێ ریز کرابێ کەلانی کەمی ناوی یەك پالێوراوی ئافرەت لە ناو چوار ناواندا هەبێت و لە ناو چوار ناوەکەی پێشەوەی لیستەکەشدا ناوەکان هەر بەو شێوەیە ڕیز دەکرێن تا کۆتایی لیستەکە بە مەرجێکیش هەر لیستێکی هەڵبژاردن لە چوار پاڵێوراو کەمتر نەبێ )

**ماددەی یازدە:**

هەردووبڕگەی( ٢،٣ ) لەماددەی بیست و سێ هەموار دەکرێن و،بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

( ٢-خۆپالێو بۆی هەیە لە دادگای پێداچونەوەی( التمییز )ی هەرێمی کوردستان تانە لە بڕیاری هەیئەی باڵا بدات ،لەماوەی دوو ڕۆژ کە لە ڕۆژی تەبلیغی بڕیارەکەوە دەست پێ دەکات )

( ٣-دادگای پێداچونەوەی هەرێمی کوردستان بڕیارێکی بنبڕ،دەربارەی ئەو تانەیە لە ماوەی دوو ڕۆژدا دەر دەهێنێ )

**ماددەی دوازدەم:**

ماددەی بیست وچوار هەموار دەکرێ و،بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

( پروپاگەندەی هەڵبژاردن، لە سنوری یاساو پێڕۆی گشتی و ئادابدا ،سەربەستە، بەمەرجێ هەیئەی باڵای هەڵبژاردن، هەلی چونیەك بۆ هەموو لیستە ڕكابەرەكان دەستەبەر بكا )

**ماددەی سیازدەم:**

ماددەی بیست وهەشت هەموار دەكرێ و، بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

( ماددەی بیست و هەشت:هەیئەی باڵا كارتەكانی هەڵبژاردن لە چاپ دەداو، سندوقەكانی دەنگدان ئامادە دەكا )

**ماددەی چواردەم:**

ماددەی سی و پێنج هەموار دەكرێ و، بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

( ماددەی سی و پێنج :لیژنە گەلی مەركەزەكانی هەڵبژاردن ،ئەنجامەكانی دەنگدان لە ڕەشنوسگەلێكدا بە ئیمزای خۆی رێك دەخات و هاو پێچ گشت بەڵگە نامەكانی تایبەت بە بزاڤی هەڵبژاردنیان لەگەڵ دادەنێ لە ناو زەرفێكی داخراوی مۆركراو بە مۆری خۆی ،بە هەیئەی باڵا دەسپێرێ )

**ماددەی پازدە:**

بڕگە( ٣ ) لەماددەی سی وشەش هەموار دەكرێ و، بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

( ٣-ئەگەر حزبێ لەناو كۆمەڵە حزبێكدا كە هەموویان بە ناوی یەك نەتەوەوە ركابەری دەكەن

( توركمان، كلدان، ئاشوری ،ئەرمەنی، عەرەب )مامناوەندی ( معدل )هەڵبژاردن بەدەست نەهێنا ئەوە لەو بارەدا كام حزب لە حزبەكانی ئەو نەتەوەیە دەنگی هێنابێ ،كورسیەكی دەدرێتێ )

**ماددەی شازدەم:**

بڕگە( ٢ ) لەماددەی سی وحەوت هەموار دەكرێ و، بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

( ٢-هەیئەی باڵا، پاش دابەشكردنی كورسییە براوەكانی هەر لیستێ، بەسەر پالێوراوەكانی لیستەكە ،بە پێی ئەولەویەتی زنجیرەی ناوەكانی پالێوراوانی لیستەكە ئەو جا ئەوانە ڕادەگەیێنێ كە ئەندامییەتی ئە نجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراقیان بە دەست هێناوە، هەروەها دوای ئەوەش پركردنەوەی كورسیە چۆڵەكانی لیستی هەڵبژاردن ،بە پێی زنجیرەی ناوەكانی لیستەكە دەبێ و، ناشێ لایەنی خاوەن لیستەكەش كورسی لە هیچ پالێوراوێكی خۆی بكێشێتەوە، بەهەر هۆیەك ،دەبێ ببێ )

**ماددەی حەڤدەم:**

ماددەی ( ٤٤ )ئیلغا دەكرێ

**ماددەی هەژدەم:**

ئەم ماددەیەی خوارەوە دەخرێتەوە سەر دەروازەی حەوتەمی حوكمە تاك و تەراكان( المتفرقه )

كۆمیساریەتی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكانی عێراق بۆ سەرپەرشتی خولی دووەمی هەڵبژاردنی ئە نجومەنی نیشتمانی كوردستان –عێراق و بەرێوەبردنیشی كە لەم یاسایەدا هاتووە جێگای هەیئەی باڵا دەگرێتەوە.

**ماددەی نۆزدە:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە بەر كار.

**ماددەی بیست:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی بیست و یەك:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرهێنانیەوە دەخرێتە بەرکارو، لە (وەقائیعی کوردستان)دا بڵاو دەکرێتەوە

د.ڕۆژنوری شاوەیس

سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق

**پاشکۆی پێنجەم/**

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق**

بە پێی برگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان –عێراق ژمارە (١٩ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو ،دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق زۆربەی زۆری ئەو پێشنیارانەی لە بڕیاری ژمارە (٣) ساڵی ٢٠٠٩دا کردبوومان بۆی بەهەند وەرگرتن لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٢)ی لە ٢٠٠٩/٣/٢٥بڕیارماندا بە دەرکردنی

**یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٩**

**یاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عیراق**

**ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو**

**ماددەی یەکەم:**

**یەکەم: (ناوی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق) شوێنی (ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عیراق), دەگرێتەوە کە لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوو یاسا کارپێکراوەکان لە هەرێمدا هاتووە.**

**دووەم: گشت ئەو زاراوەو دەستەواژانەی لەم یاسایەو ئەو یاسایانەدا هاتوون کە لە هەرێمدا کاریان پێدەکرێ, هەموار دەکرێن بە جورێ کە رێك بکەوێ لەگەڵ ئەو هەموارکردنەی لەبڕگە (یەکەمی) سەرەوەدا هاتووە.**

**ماددەی دووەم:**

**مادەی چواردەم لە یاساکە پووچەڵ دەکرێتەوە.**

**ماددەیسێیەم:**

**بڕگەی (٢) لە ماددەی (بیست ویەك) ئەم یاسایە هەموار دەکرێ و بەم جۆرەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

**"٢ـ شیاوی تەواو بێت (کامل الاهلیە) و بیست و پێنج ساڵی لە تەمەن تەواو کردبێت."**

**ماددەی چوارەم:**

**بڕگەی (١) لە ماددەی (بیست و دوو ) ئەم یاسایە هەموار دەکرێ و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**هەرحیزب و دەستەیەك بۆی هەیە لیستێکی تایبەت بە خۆی پێشکەش بکات کە ناوی پاڵێوراوەکانی لەسەر ئاستی کوردستان- عیراق تیابێ, بەمەرجێ رێژەی ژن لە ٣٠٪ کەمتر نەبێ وزنجیرەی ناوەکان بە جۆرێ رێك بخا ئەم رێژەیەی ژنان دەستەبەر بکات, بەمەرجێ ژمارەی پاڵێوراوان لەهەر لیستێکی هەڵبژاردن لە سێ کەمتر نەبێت."**

**ماددەی پێنجەم:**

**ماددەی (چل و شەشەم) ئەم یاسایە هەموار دەکرێ و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:**

**پەرلەمان یەکەمین دانیشتنی لەماوەی (دە) رۆژدا دوای دەرچوونی مەرسوومی هەرێمی بۆ بانگهێشت کردنی سازدەدا و لەکاتی دەرنەچوونی بانگهێشتەکە بۆی، ئەوا لە رۆژی دوای کۆتایی ئەم ماوەیە کۆدەبێتەوە.**

**مادەی شەشەم:**

**ماددەی (چل و نۆیەم) ئەم یاسایە هەموار دەکرێ و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:**

**یەکەم: پەرلەمان لەدانیشتنی یەکەمی دا وادەی دەورەکانی بەستنی دەست نیشان دەکات، بەمەرجێ ساڵانە لە دوو دەورە کەمتر نەبێ.**

**دووەم: سەرۆکی پەرلەمان یان چەند ئەندامێك ژمارەیان لە سێیەکی ئەندامانی کەمتر نەبێ بۆیان هەیە بانگهێشتی پەرلەمان بکەن بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی و کۆبوونەکە تەنیا سەیری ئەو بابەتانە دەکات کە لە بانگهێشتەکەدا دیار کراون.**

**سێیەم: سەرۆك بۆی هەیە لەسەر داوای سەرۆکی هەرێم یاخود سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بانگهێشت بۆ بەستنی دانیشتنێکی نائاسایی بکات, لە کاتی پێویستدا.**

**چوارەم:** ئەو خولەی بودجەی گشتی هەرێم دەخرێتە روو لە پەرلەمان تاکو پەسەند نەکرێت کۆتایی پێ نایەت.

**ماددەی حەفتەم:**

ماددەی هەژدەمی زێدەکراو بە سێیەم هەموارکردنی یاساکە هەمواردەکرێ ودەبێتە (ماددەی شازدە-دووبارە) وبەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

ماددەی شەشەم (دووبارە):

**یەکەم:** (کۆمسیۆنی بالآی سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکانی عیراقی شوێنی (دەستەی بالا بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان-عیراق) دەگرێتەوە، کە لەم یاسایەدا هاتووە بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکانی خولی هەلبژاردنی سێ یەمی پەرلەمان وبەرێوەبردنی، بەپێ حوکمەکانی بڕگەی (٢)ی ماددەی(٤) یاسای کۆمیسیۆنی بالآی هەڵبژاردن ژمارە (١١)ی سالی ٢٠٠٧.

**دووەم:** کۆمسیۆنی بالا بۆی هەیە ئەو پەیڕەوو رێنماییە تایبەتیانەی خۆی لەسەر هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان-عیراق جێبەجێ بکا بەجۆرێ ناکۆك نەبن لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا."

**سێیەم:** کۆمیسیۆنی بالآی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان سەیری ئەو ناکۆکی و نارەزاییانە دەکات کەلەکاتی ئامادەکردن و جێبەجێکردنی رێکارەکانی هەڵبژاردنەکان روودەدەن.

**چوارەم:** لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان –عێراق دەستەیەکی دادوەری لەسێ دادوەری نا تەرخان پێکدەهێنری بۆسەیر کردنی ئەو تانانەی کە لە دەستەی هەڵبژاردنەکان و تاکە تاکەی خەڵك یان لە لایەن کەیانە زەرەر مەندەکانەوە لەبارەی بڕیارەکانی کۆمیسیۆنەوە بۆی هەواڵە دەکرێن بڕیارەکانیش بنبڕن .

**ماددەی هەشتەم:**

ئەم ماددەیە بۆ یاساکە زێدە دەکرێ و بۆی دەبێتە ماددەی (سی وشەش/دووبارە):

**" ماددەی سی وشەشەم: ( دووبارە)**

**یەکەم:** پێنج کورسی تەرخان دەکرێ بۆ کلدان سریان ئاشووری کە پالێوراوانی ئەو پێکهاتانە کێبڕکیی لەسەر دەکەن.

**دووەم:** پێنج کورسی تەرخان دەکرێ بۆ تورکمان کە پالێوراوانی ئەو پێکهاتەیە کێبڕکیی لەسەر دەکەن.

**سێیەم:** یەك کورسی تەرخان دەکرێ بۆ ئەرمەن کە پالێوراوانی ئەو پێکهاتەیە کێبڕکیی لەسەر دەکەن.

**چوارەم:** دەنگدەرانی ئەو پێکهاتانەی باسکران پالێوراوی پێکهاتەکە هەڵدەبژێرن."

**ماددەی نۆیەم:**

ئەم ماددەیە بۆ یاساکە زێدە دەکرێ و بۆی دەبێتە ماددەی (پازدەم/دووبارە):

"ماددەی پازدەم: (دووبارە)

دەستەواژەی (توماری دەنگدەران) شوێنی دەستەواژەی (خشتەکانی هەڵبژاردن) دەگرێتەوە لە هەر شوێنەکی ئەم یاسایەدا هاتبێت."

**ماددەی دەیەم:**

هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان ئەوانەی نیشتەجێن لەدەرەوەیدا مافی بەشداری كردنیان لە هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی كوردستان ـ عیراقدا هەیە.

**ماددەی یازدەم:**

پرۆسەی دەنگدانی كارمەندانی هێزەكانی ئاسایش و ناوخۆ پاسەوانی هەرێم( پێشمەرگە ) و سوپاو كارمەندانی نەخۆشخانەكان و چاكسازییەكان و نەخۆشەكان و بەندكراوەكان لەبنكەكانی دەنگدانی تایبەت دەستەی كۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەكانی تایبە تمەند دەستنیشان دەكات بەمەرجی بەر چل و هەشت كاتژمێر لەكاتی ئە نجامدانی هەڵبژاردنەكان بكرێ.

**ماددەی دوازدەم:**

پێویستە ئە نجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**ماددەی سێزدەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی ( ٢٠٠٩/٣/٢٥ )وە جێبەجێ دەكرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقائعی كوردستان ) دا بلاْودەكرێتەوە.

مسعودبارزانی

**سەرۆكی هەرێمی كوردستان ـ عێراق**

**پاشكۆی شەشەم/**

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی كوردستان –عێراق**

**سەرۆكایەتی هەرێم**

سەرۆك

**بەناوی گەلەوە**
**بڕیاری ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٩**
**یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٩**

بە پێی خاڵی(٢)ی بڕگەی (یەکەم) ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان –عێراق ژمارە (١)ی ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو ، وبە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستانی – عێراق کردوویەتی لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٣) لە ٢٠٠٩/٥/١٣بڕیارماندا بە دەرکردنی :

**یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٩**
**یاسای هەموارکردنی پێنجەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**
**ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو**

**ماددەی یەکەم:**

بڕگەی (٢)لەماددەی بیست و دووەم لە یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

لیستی پاڵێوراوەکان لە ماوەی پازە ڕۆژدا لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کاتی هەڵبژاردنەکانەوە پێشکەش بەسەرۆکی دەستەی گشتی دەکرێت، لەگەڵ ئەو بەڵگەنامە پێویستانەی لە ماددەی بیست و یەکەمی ئەم یاسایەدا هاتوون .

**ماددەی دووەم:**

ماددەی بیست و پێنجەمی ئەم یاسایە هەڵدەوەشێتەوە ئەمەی خوارەوە جێیٚ دەگرێتەوە:

یەکەم: ریکلامی هەڵبژاردن، لەڕۆژیٚ دوای ڕاگەیاندنی لیستی پاڵێوراوەکان دەستپێدەکات، بە(٤٨) کاتژمێر پێش دەستپێکردنی دەنگدانەوە کۆتای دێت.

دووەم: کۆمسیۆن،ئەو شوێنانە دەستنیشا دەکات کەنابیٚ ریکلامی هەڵبژاردن و هەڵواسراوی جارنامەی هەڵبژاردنی تێدا بەکار بهێنرێت ئەمەش بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە ریٚ بە ریکلامی هەڵبژاردن دەدریٚ

سێیەم: لەسەر قەوارە سیاسییە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنەکان هەڵواسراوی ریکلامی هەڵبژاردن لابەرن ،ئەمەش بە پێی ئەو ڕێنماییانەی کە کۆمیسۆن دەریان دەکات.

چوارەم:

١. بەکارهێنانی ئەو بینایەتانەی کە وەزارت و فەرمانگاکانی هەرێم و هەمووشوێنە کانی کارکردن و فەرمانبەریەتی بۆ کاری حزبی یا ریکلامی هەڵبژاردن قەدەغە دەکریٚ.

٢. ریٚ بە فەرمانبەرانی فەرمانگەکانی هەرێم و دەسەڵاتاریەتی خۆجییەتی نادرێت پێگەی فەرمانبەریەتی خۆیان یاخود داهاتی هەرێم یاخود هۆیەکانی یا دەزگاکانی بۆ بەرژەوەندی خۆیان یا هەر پالیۆراوێك بەکاربهێنن بە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و دەزگا سەربازییە کانیشەوە بۆ ریکلامی هەڵبژاردن یاخود کارتێکردنی دەنگدران

پێنچەم:

١.نابێ هیچ پاڵێوراوێك، ڕۆژی دەنگدان، بەرنامەی کار یان یاخود بلاٌوکراوە، یان پلێت یا بەڵگەنامەی دیکە بەخۆی یا بە غەیری خۆیەوە بڵاو بکاتەوە .

٢. نابێ هیچ کارمەندێك لە فەرمانگەکانی هەرێم، یا ئەندامانی دەسەڵاتەکانی خۆجێییەتی ،ڕۆژی دەنگداندا، بەرنامەی کار، بەخۆی یان بە هۆی غەیری خۆیەوە تربلاٌوبکاتەوە.

٣. نابێریکلام یان یان بەرنامەی کار یان بلاٌوکراوە یان پلێت بەناوی پالێوراوێك بڵاو بکرێتەوە کەلە تۆماری پالێوراوەکانا تۆمار نەکرابێ .

شەشەم: قەدەغەیە، پاڵێوراوەکان، ریکلامێ هەڵبژاردنی وا بکەن کە خەڵەتاندن و فێڵ لێ کردنی دەنگدەرانی تێدابێ یاخود شێوازی بریندار کردن یان ناو زراندن لە ریکلامی هەڵبژاردندا بەکار بهێنن .

حەوتەم: خەرج کردنی پارە بۆ ریکلامی هەڵبژاردن لە ماڵی گشتی یان لە بوٌدجەی وەزارەتەکان یان لە ماڵی وەقف یان لە پارەی پتگیری دەرەکی قەدەغەیە .

هەشتەم:نابێ هیچ حزبێك یان کۆمەڵێك یان ڕێکخستنێك یان قەوارەیەك یان کەسەکان یان هەر لایەنێك شێوەیەك لە شێوەکانی پالە پستۆ یان ترساندن ، یان بەکافردانان ، یان بە خائین دانان بە کاربهێنێت.

ماددەی سێیەم:

بڕگەی( ٤ )لە ماددەی سی و شەشەم( دووبارە )ئەم یاسایە هەڵدەوەشێتەوە

ماددوە چوارەم:

یەکەم: هەرکەسێك ، بەیاننامە، یان وێنە یان بلاٌوکراوەی هەڵبژاردنی تایبەت لە دەرەوەی ئەو شوێنانەی هەڵبواسێت کەبۆ هەڵواسین تەرخان کراوە ، بۆ ماوەیەك بەنددەکرێ کە لەمانگێك زیاتر نەبێت.

دووەم: هەر کەسێك سەرپێچی حوکمی بڕگەکانی ( چوارەم، پێنجەم، شەشەم، حەوتەم )ی ماددەی بیست و پێنجەمی ئەم یاسایە کرد،بۆماوەیەك بەند کرێ کەلە مانگێك کەمتر نەبێ و لە شەش مانگ زیاتر نەبێ و، غەرامەیەکیشی لێوەردەگیرێ کە لە یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت.

سێیەم: هەر کەسێك ئەمانەی خوارەوەی کرد بۆ ماوەیەك بەند دەکرێ کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێ و غەرامەیەکیشی لێوەردەگیرێ کەلە ( ١٠٠٠٠٠ ) سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە ( ٥٠٠٠٠٠ )پێنج سەد هەزار دینارزیاتر نەبێ، :

١-بە ئەنقەست ناوێك یا ناوەکان یان سیفاتی قەڵبی لە خشتەی دەنگدەران تۆمار کرد یان بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە ناوێکی تیادا نەنوسی .

٢-ناوی خۆی، یان ناوێکی تری، بەبێ بوونی مەرجی یاسایی پێویست تۆمارکرد و دەرکەوت کە بەمە دەزانێ و هەر کەسێکی دیکەش کە ناوێکی تۆمار نەکرد یان سڕییەوە .

٣-لە هەڵبژاردندا دەنگی خۆی بدا و دەشزانێ کە ناوی بە پێچەوانەی یاسا لە تۆماری دەنگدەراندا تۆمارکراوە ، یان مەرجە یاساییەکانیمافی دەنگدانی خۆی لە دەست داوە .

٤-بە ئەنقەست بەناوی کەسێکی ترەوە دەنگبدات.

٥-نهێنی دەنگدەرێکی بەبێ ڕزامەندی خۆی ئاشکرا کرد .

٦-مافی خۆی لە یەك هەڵبژاردن لە جارێك زیاتر بەکارهێنا.

٧-ویستی دەنگدەرێکی نەخوێندەوار ی گۆڕی، ناوێکی نووسی یان ئاماژە بەنیشانەیەك کرد کە مەبەستی دەنگدەر کە نەبووە یان کۆسپی خستە پێش هەر دەنگدەرێکەوە بۆ ئەوەی مافی هەڵبژاردن بەکار نەهێنێت.

٨-لە پتر لە بازنەیەك یان لیستێکی هەڵبژاردن خۆی پاڵاوت .

٩-لە کاتی جوداکردنەوەی دەنگەکاندا گزیی( تزویر ) کرد.

چوارەم: هەرکەسێك ئەمانەی خوارەوە بکات بۆ ماوەیەك بەند دەکرێ کە لە مانگێك کەمتر نەبێ و لەساڵێکیش زیاتر نەبێ :

١- بەنقەست دەستدرێژی کردە سەر وێنەی پاڵێوارەکان یان بەرنامەکانیان کە لە شوێنی تایبەتی هەڵواسراون ، بۆ حیسابی کەسێکی دیکە یان لایەنێکی دیاری کراو بەمەبەستی زیان گەیاندن بەو پاڵێوراوە یان کارتێکردنە لە رەوتی پرۆسەی هەڵبژاردن .

٢- کشانەوەی پاڵێوراوێك یان زیاتر ی لە پرۆسەی هەڵبژاردن ڕاگەیاند و دەشیزانی کە ئەو کارە ڕاست نییە، ئەمەش بە مەبەستی کارتێکردن لەسەر دەنگدەران یان گۆڕینی دەنگەکانی پاڵێوراوبۆ خۆی .

٣- دەست درێژی کردنەسەر هۆیەکانی ریکلامی هەڵبژاردن ،ئەوەی کە بە یاسا ڕێی پێی دراوە ،لەبەر هەر هۆیەك بێ چ جای سڕینەوە یان بە دڕاین یان بە شتی تر یان هەر دەستکارییەکی لەم جۆرە .

پێنجەم: هەر کەسێك ئەمانەی خوارەوە بکات بەماوەیەك سزا دەدرێ، کەلەساڵێك کەمتر نەبێ، :

١-هێزو، هەڕەشەی بۆ ڕێگەگرتن لە دەنگدەر بەکارهێنا تا نەتوانێ بە شێوەیەکی دیاریکراو مافی خۆی لە دەنگدان دا بەکاربهینێ یان لە دەنگدان قەدەغەی کرد .

٢- گەر شتێکی دا یان خستیەڕوو یان بەڵێنیدا سوودێك بە دەنگدەر یان غەیری ئەو بگەیەنێت تاکو بە شێوەیەکی دیاریکراو دەنگ بدات یان لە دەنگدانی قەدەغەبکات .

٣-ئەگەر سوودێکی قبوول کرد یان بۆ خۆی داوای کرد یان بۆ غەیری خۆی، لەوانە کە بە خزمەتی گشتی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا راسپێردراون .

٤-ئەگەر هەواڵی ناراستی لە نێو دەنگدەراندا لەسەر ڕەوشی یەکێك لە پالێوراوان یان ناو بانگی بڵاو کردەوە یان پەخشی کرد بە مەبەستی کارتێکردن لە بیروڕای دەنگدەران لە ئە نجامی هەڵبژاردندا .

٥- بەچەکەوە یا ن بە چەکێکی بریندارکەر بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە، چووە ناو ئەو بارەگایەوە کە بۆ هەڵبژاردنەکان تەرخان کراوە .

٦-جنێودان ، یان تۆمەتی هەڵبەست یان دەست درێژی کردە سەر لیژنەی هەڵبژاردنەکان، یان یەکێك لە ئەندامانی لە کاتی پرۆسەیهەڵبژاردندا.

٧-تێکدانی سندوقەکانی دەنگدان، یان خشتەکانی هەڵبژاردن ،یان هەر بەڵگەنامەیەك کە پەیوەندی بە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە هەبێ .

٨-دروشمەکانی ئاینیەکان ، یان شوێنەکانی پەرستنی بۆمەبەستەکانی کاری حزبی یا ریکلامی هەڵبژاردن بەکار هێنا .

شەشەم: هەر کەسێك ئەمانەی خوارەوە ئە نجام بدات بۆبە ماوەیەك بەند دەکرێ کە لە ساڵێك کەمتر نەبێ، غەرامەیەکیشی لێوەر دەگیرێت کە لە ( ١٠٠٠٠٠ )سەد هەزار دینار کەمتر نەبێ، لە ( ٥٠٠٠٠٠ )پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێ، :

١- دەستی بەسەر کاغەزەکانی دەنگدان یاخود خشتەکانی دەنگدەراندا گرت یان شاردیەوە یان نەیهێشت یان لە ناوی بردن یان تێکیدان یان دزینی یان بەهەر ڕێگایەك لە ڕێگاکان ئە نجامەکەیانی گۆڕی

٢- ئازادی هەڵبژارنی تێکدا یان لە رێگای بە کارهێنانی هێز یا هەرەشەوە سیستەمەکەی تێکدا .

حەوتەم: ئەگەر دەرکەوت قەوارەی سیاسی بەشداری لە ئە نجامدانی هەر تاوانێك لە تاوانەکانی هەڵبژاردندا کردبێ و، دەقی لەم یاسایەدا هاتبێ ،ئەوا غەرامەیەکی دارایی لێ وەر دەگیرێ کە بڕەکەی ( ٥٠,٠٠٠٠٠٠ )پە نجا ملیۆن دینار.

. هەشتەم: قەوارەی سیاسی لەو دەنگانە بێ بەش دەكرێ لەو بنكەی هەڵبژاردنە كە یەكێك لە تاوانەكانی هەڵبژاردنی ئەنجامدابێ كە دەقی لە بڕگەكانی( یەكەم، پێنجەم، شەشەم، حەوتەم، هەشتەم )ماددەی (٢٥)ی ئەم یاسایەدا هاتووە.

نۆیەم: هەر كەسێك سەرپێچی حوكمی بڕگەی (هەشتەم) ی ماددەی (٢٥)ی ئەم یاسایە بكات، ئەوا بەند دەكرێ و غەرامەیەكیشی لێ وەردەگیرێ كە لە (١٠)دە ملیۆن دینار كەمتر نەبێت و لە(٢٥)بیست و پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێ.

دەیەم: هەر حیزبێك، یان هەر قەوارەیەكی سیاسی، میلیشیای چەكداری هەبێ لە بەشداربوونی هەڵبژاردن بێبەشدەكرێ.

یازدەیەم: هەر قەوارەیەكی سیاسی لە بەشداربوونی هەڵبژاردنەكان و ژماردنی دەنگەكان بێ بەش دەكرێ ئەگەر بەهێز یان بە هەڕشەی بەكارهێنانی هێز بۆ بەرژەوەندی خۆی یان جگە لە خۆی ناوچەیەكی هەڵبژاردنی داخست .

دوازدەیەم: هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی تاوانەكانی هەڵبژاردن كە دەقەكانیان لەم یاسایەدا هاتووە بەدەر لە حوكمە كانی بنەما گشتیەكان بەسزای تاوانی تەواو سزا دەدرێ.

## ماددەی پێنجەم:

(ماددەیەكی زیادەیە)

یەكەم: ئەگەر ئەندامی پەرلەمان لەبەر هەر هۆیەك كورسییەكەی لەدەستدا ،ئەوا پاڵێوراوی دوای ئەو لە لیستەكەی خۆی بە گوێرەی ئەو تەرتیبەی تێیدا هاتووە، جێی دەگرێتەوە، ئەمەش بەچاو ئەو لیستانەوە كە هاوبەندییان نەكردووە.

دووەم: ئەگەر ئەندامێكی پەرلەمان لە بەر هەر هۆیەك كورسیەكەی لە دەستدا، ئەوا پاڵێوراوی دوای ئەو لە هەمان قەوارەی سیاسی كە هاوبەندی لە ناو لیستی هەڵبژاردنی هاوبەندندا كردووە جێی دەگرێتەوە.

سێیەم :ئەگەر كورسییە بەتاڵەكە هی لیستێك بووكە پاڵێوراوی نەمابێ، ئەوا كورسییەكە بۆ پاڵێوراوێكی دیكە لە قەوارەیەكی سیاسی دیكە تەرخان دەكرێ كە كەمترین ڕادەی ژمارەی ئەو دەنگانەی بە دەست هێناوە كە بۆ پڕكردنەوەی كورسییەك پێویستە و، بە پێچەوانەوەش كورسییەكە بە بەتاڵی دەمێنێتەوە.

چوارەم :ئەگەر كورسییە بەتاڵەكە تایبەت بە ئافرەت بوو ،مەرج نییە ئافرەتێكی دیكە جێی بگرێتەوە ،مەگەر لەو بارەدا كە كاریگەری لەسەر ڕێژەی نوێنەرایەتی ئافرەتاندا هەبێ.

## ماددەی شەشەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

## ماددەی حەوتەم:

**ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان )دا بڵاو دەکرێتەوە**

**مسعودبارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**١٤ /٥/٢٠٠٩**

**٢٤ /گوڵانی/٢٧٠٩کوردی**

**هۆیە پێویستیەکانی دەرچواندنی ئەم یاسایە**

**بۆ مسۆگەر کردنی ئە نجامدانی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد لە هەرێمدا و لە بەر ئەوەی تاوانەکانی هەڵبژاردن و سزاکانیان وردنین و لە پێناو توندکردنی سزای تاوانەکانی هەڵبژاردن پاش ڕوون بوونەوەی حاڵەتەکانیان ولە پێناو ئاسنکردنی ئە نجامدانی هەڵبژاردنەکان و بۆ ڕامالینی ئەو کۆسپانەی کە ڕێگا لە پاك و خاوێنی و ڕوونیەتییە کەی دەگرن ،ئەم یاسایە دەرکرا.**

**پاشکۆی حەوتەم /**

**<u>شەشەمین هەموارکردنی یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراو ی ساڵی ١٩٩٢ یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان</u>**

**بەناوی بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**

**سەرۆکایەتی هەرێم**

سەرۆك

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە( ٢٥ )ساڵی ٢٠٠٩**

**یاسای هەموارکردنی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان –عێراق**

**ژمارە( ١ )ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢**

**بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی( ١ )ی ماددەی ( ١٠ )ی ( یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان –عێراق )ی ژمارە( ١ )ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوە ،بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە ( ٨ ) لە ٢٠٠٩/١٠/٢٦ بڕیارماندا بە دەرکردنی :**

**یاسای ژمارە( ١٣ ) ی ساڵی ٢٠٠٩**

**یاسای هەموارکردنی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ژمارە ( ١ ) ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢**

**ماددەی یەکەم :**

**ماددەی پێنجەم کە بە پێی هەموارکردنی پێنجەمی یاسای پەرلەمانی کوردستان ژمارە( ٥ ) ی ساڵی ٢٠٠٩ زیاد کراوە ،بڕگەیەکی بە زنجیرەی ( پێنجەم ) وەك ئەمەی خوارەوە بۆ زیاد دەکرێت :**

**پێنجەم : لە حالەتی سوێند نە خواردنی پاڵێوراوی هەڵبژێردراو بۆ پەرلەمان لە ماوەی دیاریکراو دا بەبێ هیچ هۆیەکی ڕەوا ، ئەوا دوای ( ٩٠ ) ڕۆژ لە مێژووی ناوبراو مافی ئەندامیەتی نامێنێ و پاڵێوراوێکی دیکە بە پێی یاسا شوێنی دەگرێتەوە .**

**ماددەی دووەم:**

**حوکمەکانی ئەم یاسایە ،ئەوانە دەگرێتەوە کە لە خولی سێیەمی هەڵبژاردنەوە بۆ ئەندامێتی پەرلەمان پاڵێوراون .**

**ماددەی سێیەم :**

**پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان ، حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن .**

**ماددەی چوارەم :**

**ئەم یاسایە لە بەرواری دەر چوواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و ،لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقائعی کوردستان ) دا بڵاو دەکرێتەوە .**

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**هەولێر**

**٥/گەلاریزانی /٢٧٠٩ ی کوردی**

٨/دي القعدة /١٤٣٠ ی کۆچی

**٢٧/تشرینی یەکەمی /٢٠٠٩ ی زاییینی**

**لە ژمارە ( ١٠٩ )وەقائعی کوردستان )لە ٢٠١٠/٣/١٥ بڵاو کراوتەوە**

**پاشکۆی هەشتەم/**

**یاسای هەموارکردنی حەوتەمین یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ( ١ )ی ساڵی ١٩٩٢ یاسای**

**سەرۆکایەتی هەرێم**

**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە( ١٤ )ساڵی ٢٠١٣**

**یاسای هەموارکردنی حەوتەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان –عێراق**

**ژمارە(١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢**

**بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی(١)ی ماددەی (١٠)ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان –عێراق )ی ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوە ،بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٣٣) لە ٢٠١٣/٦/١٩بریارماندا بە دەرکردنی :**

**یاسای ژمارە(١٥) ی ساڵی ٢٠١٣**

**یاسای هەمواری حەوتەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو**

**ماددەی یەکەم:**

**(ماددەی دووەم )ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :**

**ماددەی دووەم :هەڵبژاردنەکان بە دەنگدانی نهێنی راستەوخۆ بە پێی سیستەمی لیستی کراوەی سنوردار ئە نجام دەدرێت .**

**ماددەی دووەم:**

**بڕگەی (یەکەم )ی ماددەی (شەشەمی دووبارە )ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

**ماددەی شەشەم (دووبارە ):**

**یەکەم :کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەچێتە جێگەی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان –عێراق کە لەم یاسایەدا هاتووە بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و بەڕێوەبردنی بە پێیٚ حوکمەکانی بڕگەی (٤)ی ماددەی (٢)ی یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٠٧ ،تاوەکو پێکهێنانی دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و را پرسی لە کوردستان –عێراقدا .**

**ماددەی سێیەم :**

**(ماددەی حەڤدەم )ی یاساکە هەڵدەوەشێندرێتەوە .**

**ماددەی چوارەم:**

**ماددەی (بیست و نۆیەم )ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :**

**ماددەی بیست و نۆیەم:**

**یەکەم : لە دوای دڵنیابوون لە لێهاتەیی دەنگدەر، لەوەی هەڵگری رەگەزنامەی عێراقیە ، پسوولەی دەنگدانی ڕادەست دەکرێت و ناوی نیشانە دەکرێت و بۆپێگەی دیاریکراو بۆ دەنگدان رێنمایی دەکرێت .**

**دووەم :دەنگدەر بۆی هەیە ناوی یەکێك لەو قەوارە سیاسیانەی لە پسوولەی دەنگدانەدا نووسراون نیشانە بکات و ناوی یەکێك لە پالێوراوانی هەمان قەوارە نیشانە بکات یان تەنها قەوارە سیاسیەکە نیشان بکات .**

سێیەم :ئەو دەنگدەرەی خوێندنەوەو نووسین نازانێت بۆی هەیە پشت ببەستێت بەوەی دەستنیشانی دەکات بۆ پڕکردنەوەی پسوولەی دەنگدانەکە .

چوارەم: نوێنەرایەتیکردن لە دەنگداندا ڕێگەی پێنادرێت .

**ماددەی پێنجەم :**

( ماددەی سێیەم )ی یاساکە هەموار دەکرێت وبەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

ماددەی سێیەم:

یەکەم :سەرۆکی لیژنەی بنکەی هەڵبژاردن پاراستنی ڕێککاریی لە بنکەکەی لە ئەستۆ دەگرێت ،وە بۆی هەیە تەنها پشت ببەستێت بە پۆلیسی خۆجێییەتی سەر بە وەزارەتی ناوەخۆ لە هەرێمداو ئەو ڕێکارانە بگرێتەبەر کەوا باش بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان و دروستیان مسۆگەر بکات .

دووەم :هێزەکانی ئاسایشی ناوەخۆو چەکدارەکان بۆیان نیە بچنە نێو بنکەکانی هەڵبژاردن تەنها لەسەر داواکاری سەرۆکی لیژنەوە نەبێت .

**ماددەی شەشەم:**

ماددەی( سی و پێنجەم )ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

ماددەی سی و پێنجەم :

لیژنەکانی بنکەکانی هەڵبژاردن هەڵدەستن بە ڕێکخستنی کۆنووسی واژوو کراو لە لایەن خۆیانەوە بۆ ئە نجامەکانی دەنگدان و سەرجەم بە لگەنامە تایبەتەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنی لەگەڵدا هاوپێچ دەکرێت و لە زەرفێکی داخراوی مۆرکراو بە مۆرەکەی خۆی دادەنلرێت بۆ سپاردنی لە لای کۆمیسۆنی باڵای سەربەخۆ، و دانەیەکی کۆنووسی کۆتایی کە لەلایەن نوێنەرانی قەوارە بەشداربووەکانەوە واژووکراوە دەدرێتە قەوارە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن .

**ماددەی حەوتەم :**

ماددەی ( سی و شەشەم )ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

ماددەی سی و شەشەم :

یەکەم :تێکرای هەڵبژاردن بە پێی ئەم میکانیزمەی خوارەوە دیاری دەکرێت :

١-کۆی گشتی دەنگە دراوە دروستەکانی ئەو پێکهاتانەی لە ماددەی ( ٣٦ دووبارە )ی ئەم یاسایەدا ئاماژەیان بۆ کراوە دابەش دەکرێتە سەر ژمارەی ئەو کورسیانەی بۆ هەر پێکهاتەیەك تەرخان کراوە بۆ دەرهێنانی تێکرایی هەڵبژاردن بۆی .

٢-ئەو دەنگانەی دەمێنەوە دابەش دەکرێنەوە سەر ژمارەی کورسیەکانی پەرلەمان پاش لێ کەمکردنەوەی ژمارەی ئەو کورسیانەی لە برگەی ( ١ )ی سەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە ،بۆ دەرهێنانی تێکرای هەڵبژاردنی ئەو قەوارانەی حوکمەکانی ماددەی ( ٣٦دووبارە )ی ئەم یاسایە نایانگرێتەوە .

دووەم :ژمارەی ئەو کورسیانەی کەوا هەر قەوارەیەك بەدەستیهێناوە بە پێی ئەم میکانیزمەی خوارەوە دیاری دەکرێت :

١-دابەشكردنی ئەو دەنگانەی هەر قەواریەك بەدەستیهێناون بەسەر تێكرای هەڵبژاردن ، كە بە پێی برگەی ( یەكەم )ی سەرەوە دەرهێنراوە ،بۆ دیاریكردنی ژمارەی ئەو كورسیانەی قەوارە پەیوەندار بە دەستیهێناوەن .

٢- لە حالەتی دەستنەكەوتنی تێكرایی هەڵبژاردن لە لایەن هیچ قەواریەكی كێبركێكار لەسەر ئەو كورسیانەی لە ماددەی ( ٣٦دووبارە ) ئاماژەیان بۆ كراوە ،ئەوا یەك كورسی دەبەخشرێتە ئەو قەوارەیەی كەوا زیاترین دەنگی لە نێو پێكهاتەكەدا هێناوە .

سێیەم :ئەو كورسیانەی لە ئە نجامی دەستكەوتنی ماوە دەنگ كە نەگاتە تێكرای هەڵبژاردن بە بەتاڵی دەمێنێتەوە دەبێتە هی ئەو قەوارانەی كەوا زۆرترین ماوە دەنگیان بەدەستهێناوە و بە شێوەیەكی یەك لە دوای یەك .

## ماددەی هەشتەم:

ماددەی ( سی وحەوتەم )ی یاساكە هەموار دەكرێت و بە شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

ماددەی سی و حەوتەم :

یەكەم : ناوی پالێوراوانی قەوارەكە دووبارە ریزبەند دەكرێنەوە بە گوێرەی ئەو دەنگانەی هەر یەكێكیان بە دەستیهێناوەو كورسیەكانیان پێ دەبەخشرێت سەرەتا بەوەی بەرزترین دەنگی بە دەستهێناوە تاوەكو دیاریكردنی سەرجەم ئەو كورسیانەی قەوارەكە بەدەستیهێناون .

دووەم :لە حالەتی نەهاتنەكایەی رێژەی تەرخانكراو بۆ ئافرەتان كە لە برگەی ( ١ )ی ماددەی ( ٢٢ )ی یاساكەدا هاتووە ، ئەوا ژمارەی پێویستی ئافرەتان لە نێوان ئەو براوانەی لە ( یەكەم )ی سەرەوە ئاماژەیان بۆ كراوە بە گوێرەی ئەو دەنگانەی بەدەستیانهێناوە ، پێش دەخرێن .

سێیەم :

١-دەستەی باڵا ئەو رێژە سەدییەی هەر قەواریەك بەدەستیهێناوەو ئەو كورسیانەی پەرلەمانی كە بردویەتیەوە رادەگەیەنێت .

٢-دەستەی باڵا ناوی براوەكانی ئەندامێتی پەرلەمانی كوردستان – عێراق رادەگەیەنێت .

## ماددەی نۆیەم :

لە حاڵەتی بەتاڵمانی هەر كورسیێك ، ئەوا لە لایەن پالێوراونی ئەو قەوارەیەی خاوەن كورسیەكەیە پر دەكرێتەوە ، ئەویش بە بەخشینی بەو پالێوراوەی زۆر ترین دەنگی بەدەستهێناوە ، وە لە حالەتی یەكسان بوونی دەنگەكانی پالێوراواندا ئەوا پركردنەوەی كورسیە بەتاڵەكە بە گوێرەی ئەو لەویەتی ریزبەندی ناوەكان لە لیستە بنەرەتیەكەوە دەبێت .

## ماددەی دەیەم :

برگەی ( یەكەم ) و ( دووەم ) ی ماددەی ( شەست ویەك )ی یاساكە هەڵدەوەشێنەوە .

## ماددەی یازدەیەم :

كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان برِیارێكی ناكۆك لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكرێت .

## ماددەی دوازدەم :

**پێویستە لە سەر ئە نجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن .**

**ماددەی سێزدەم :**

**ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی دەر چواندنی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان )دا بڵاو دەکرێتەوە .**

**مسعودبارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هۆیە پێویستکارەکان**

**بۆ خۆگونجاندن لە گەڵ پێداویستیەکانی سیستەمی هەڵبژاردنی نوێی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ،ئەو ا ئەم یاسایە دەر چوێندرا .**

**هەولێر**

**٢٠١٣/٧/٣**

**لە ژمارە ( ١٦٦ )وەقائعی کوردستان )لە ٢٠١٣/٧/١١بڵاو کراوتەوە**

**ئامادەکردنی / مافناس سلێمان مستەفا حەسەن**

**جێگری سەرۆکی ئە نجوومەنی کۆمسیاران**